چینەکان: ئەو وشە بچووکەی ئێتەکان دەیانەوێت بیرت بچێتەوە ... نووسینی: کریس هەدجس

ئەرستۆ و نیکیلە مکیاڤیلی و ئالیکس دی توکفیل و ئادەم سمیث و کارل مارکس فەلسەفەکانیان بنیات نا لە سەر بنەمای ئەوەی کەوا ناکۆکییەکی سەروشتی هەیە لە نێوان دووەمەندەکان و ئەمەدا. بەرژەوەندی دووەمەندەکان بەرژەوەندی ئەمە نییە. ئاستەکانی ئەوان ئاستی ئەمە نییە. ژیانی دووەمەندەکان ژیانی ئەمە نییە. بوونی سەروەتێکی زەر تەنها نیشانەی شەرمەزاری نییە بە ئەوانەی کە نییانە، بەڵکوو دەبێتە هەی ئەوەی کەمینەیەک توانای بگەخستنی سوپایەک لە پارێزەر، دادوەر، ئەکادیمی و سیاسی و ڕۆژنامەوانی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی جەدەلە گشتەکان و خنکاندنی دەنگی ئەپزسیۆن.

لیبراڵیزمی نوێ، بەپیشەسازینەکردن، وەرانکردنی سەندیکا کرێکارەکان، کەمکردنەوەی باج لەسەر دووەمەندەکان یان هەر نەهێشتنی، بازرگانی ئازاد، عەوڵەمە، چاودێریکردن لەلایەن دووەتەوە، شەڕی بەردەوام و توندوتیژی – بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژی و ئامرازەکان لەلایەن کەمینەوە – پیشاندانی بە جەماوەر وەک یاسایەکی سروشتی بۆقازانجی خەیان – ئامرازی چوونە پێشەوەی کەمەگەو ئابور، تەنانەت وەکوو دینامکیەتی ئالیگارشی دامەزراوەکانی لیبراڵ دیموکراسی کۆشکانی قەیرانی ئاوهەوا، زیادیان کردووەو بونەتە مایەی هەڕەشە لەسەر ژیانی مرۆڤ.

ئالیگارشەکان دەخشدەبن بە قسەکردن لەسەر ڕەگەز. دەخشدەبن قسە لەسەر شوناسی ڕەگەزی و ڕەگەز بکەن. ئەوان دەخش دەبن قسە لەسەر نیشتمان پەروەری بکەن. دەخش دەبن قسە لەسەر ئاین بکەن. دەخش دەبن بە قسەکردن لەسەر دیاردەی کۆچ. دەخشن بە قسەکردن لەسەر لەباربردن. دەخشدەبن قسە لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەک بکەن. ئەوان دەخشدەبن قسە لەسەر کەلتوری توندو تیژ یان کەلتوری ئازاد بکەن. دەخش نابن بە قسەکردن لەسەر چینەکان. ڕەگەز، جەندەر، ئاین، لەباربردن، کۆچبەری، کۆنترۆڵکردنی چەک، کەلتور و نیشتمان پەروەری ئامانە هەمووی بەکاردەهێنرێن بە پارچە پارچەکردنی کەمەگە، بە بەگژیەکداکردنی خەڵک و بزواندنی ڕق و توندوتیژی. شەڕی کەلتوری ئەو هەلە دەبەخشێتە کەمینەیەکی وەک دیموکراتەکان و کەمارکان تا

زیاتر تاوانی بکەن.
جیاوازیەکی بنەڕەتی زۆر کەم هەیە لە نێوانی هەردوو حیزبی سیاسی کۆمارەکان و دیموکراتەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی ئەلیگارشییەکی وەکوو دۆناڵد ترامپ و مایک بلومبێرگ بە ئاسانی بتوانن لە حزبەکەوە بێن بە حیزبەکی تر. وەک ئێرستە نووسیوێتی هەرکاتێک ئەلیگارشەکان دەستەواتیان گرتە دەست، کۆمەڵگە یان دەبەت قبووڵی بکات، یان دەبەت شکێنش بکات.
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٩٣٠ لە لەواری شکێشدا بوو لەگەڵ ئاگری ڕوخانی سەرمایەداری، ئەوەش ڕاستییەکە سەرۆک فرانکلین زڤەلت دانیپڵداناوە لە نووسینەوەی یادەورەکانیدا . زڤەلت زۆر بە تووندی سەرکوتی هێزە ئەلیگارشەکانی کرد. حکومەتی فیدراڵیش دەستبەجێ ١٢ ملیۆن هەڵی کاری ڕەخساند لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گەشەی کرێکارانەوە (WPA) ئەوەش وایکرد دەوڵەت ببێتە خاوەنی گەورەترین هێزی کار لە وڵاتدا.
سەندیکاکان بە یاسایی کرانەوە، چوونکە زۆرکیان قەدەغەکرابوون، هەروەها لەڕێی یاساکانی کاری نیشتمانییەوە پێیوەندکان ڕێکخران. زۆرامەندی نیشاندا لەسەر یاسا بانکەکان لەگەڵ کردە بانکەکان لە کاتی نەخوازرودا بە ڕێگەگرتن لە تەکشکانی ستەک مارکێتەکان، هەموو ئەوانە لە ١٩٣٣ بوو. بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵی بە فریا کەوتن و ژیانەوە هەستا بە دابینکردنی ٩.٨٨ ملیار دۆلار بە فریاگوزاری خواردن لە شار و شارۆچکەکاندا. سەرۆک لەسەر لیستی دیموکراتەکان باجەکی زۆری خستە سەر دەوڵەمەند و خاوەن کارگەکان. (بەڕێوەبەرایەتی کۆمارەکان سەرۆک دوات ئیزنهاوەر لە ١٩٥١ یشدا باجەکی بەرزی بە ڕێژەی ٩١% لە خاوەن داهاتە زۆرەکان وەردەگرت.) کابینەکەی زڤەلت کۆمەڵێک بەرنامەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە لەوانە: بیمەی کۆمەڵایەتی و خانە نشینی گشتی. هەروەها یارمەتی مادی پێشکەشکرد بە سپان و کرێکارانی پەنابەر و هونەر و کایە کەلتورەکان. یاسای وڵاتە یەکگرتووەکانیان بە خانوو بەرەو یاسا کاری ١٩٣٨ یان دامەزراند کە لایەنی کەمی کرێی دەستنیشان کرد لەگەڵ سنووردانان بە سەعات کار.
ئەم دەخاڵەتکردنە چەو پێی حکومەت وایکرد دەوڵەت لەو ئەزمە ئابوورییە گەورەیە بێتە دەرەوە، ئەم کارانە وایانکرد زڤەلت بە جاری چوارەم هەڵبژێردرێتەوە، وە پارتی دیموکرات ببێتە خاوەنی پگەی بەرینی جەماوەر لە نێو خەزانە کرێکارەکان و چینی ناوەندا. ئەگەر دیموکراتەکان ئەو شێوە کارەیان زیندووبکەنەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە هەموو هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە، بەڵام کارە نوێیەکانیان کاری دژوار ڕەشە ئەلیگارشییەکانە.

هەر پێش شەڕی دووەمی جیهانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١ دا دەستیانکرد بە پاشەکشە لە بەرنامەکانی ڕاگرفتن. ئەمانە بە شێوەیی ئاو بەرنامەیەیان وەلانا کە نەک هەر سەرمایەداری ڕزگارکرد بەڵکوو جەدەلیشی لەسەر دیموکراسی هێنایە پێشەوە.
ئێستا ئەمە لە وەاتەکی ئێلیگارشیدا ژیان دەکەین. ئێلیگارشی دەستی گرتووە بەسەر سیاسەت، ئابووری، کەلتور، خوێندن و چاپەمەنیکاندا. دەکرێت دەناڵد ترامپ نەرگزی و فێبازبێت، بەڵام هەرش دەکاتە سەر ئێیتە ئێلیگارشەکان لە وتارەکانیدا بە دژخۆشکردنی جەماوەرەکەی. ترامپ وەکوو ساندەرز قسە لەسەر تابۆکان دەکات، هەرچەندە وەڕسی بە کەمینە دروست دەکات، بەڵام نابێتە هەی ترسی ڕاستەقینە لایان وەکوو ساندەرز.
ترامپ وەکوو هەموو دیماگۆجیەکانی تر هانی توندو تیژی دەدا دژ بە کەمینە بە پشت و پەناکان و دابەشکردنە کەلتوری و کەمایەتییەکان فراوانتر دەکات، لە بەرانبەریشدا واز لە دەوڵەمەندەکان دەهێنێت وەکو ئاوەی کەهێن. ئاوە ساندەرزە ئێلیگارشەکان لێی دەترسن و ڕقیان لێیەتی.
ئێیتی ناو پارتی دیموکرات، هەموو میکانیزم و ڕێگا نادیموکراتیکان دەگرنە بەر بۆ ڕێگرتن لە ساندەرز بۆ بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا. ڕۆژنامەی نیەرک تایمز چاوپێکەوتنی ئەنجام دا لە گەڵ ٩٣ کەس لە کەی ٧٠٠ هەڵبژێردراو کە پارتی دیموکرات ئامادەی کردوون بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن ئاگەر لە خولی یەکەمدا لەو ١٩٩١ هەڵبژێردراوانە هیچ هەڵبژێردراوێک دەنگی تەواو بەدەست نەهێنێت، زۆرینەی ئاوانەی چاوپێکەتنیان لەگەڵدا کراوە دەڵێن: ئەمە ڕێگری دەکەین لە هەڵبژاردنی ساندەرز ئاگەر لەخولی یەکەمدا دەنگی تەواو بەدەست نەهێنێت و کەسایەتییەکی دیکە پێشنیار دەکەین تەنانەت ئاگەر لە هەڵبژاردنە بنەڕەتەکانیشدا خۆی هەڵنەبژاردبێت. سیناتەر شەرود براون لە هەڕەمی ئاهایە ئاماژەی بەوەکرد بەوەی ئاوان ئاو کارە دەکەن تەنانەت ئاگەر لایەنگرانی ساندەرز واز لە حیزبیش بێنن. ئاگەر ئەمە ڕووبەدات بەخۆی کارەساتە، وەدەبێتە هەکارەک بە بردنەوەی خولی دووەمی سەرکایەتی لەلایەن ترامپ ەوە.
وەک ئاوەی لە ١٧ی شوبات لە ستونکەمدا نووسینکم نووسی لە ژێر سەردێڕی بنەمای یارییە نوێیەکان، کەوا سۆشیال دیموکراتییەکەی ساندەرز لە بنەڕەتدا مامەڵەیکی نوێی دیموکراتییەتە. تەوانینە سیاسەکانی بۆشکە لە باوەڕی باو لە فەرەنسا یان ئەمانیا کەوا سۆشیال دیموکرات وەک پارتەکی سیاسی قبوڵکراوە، لەلایەن کەمەنیست و سۆشیالیستە ڕادیکاڵەکانەوە بە موساوەمەکار دەناسرێت. ساندەرز بانگەوازی کۆتاییهێنان بە شەڕ دەرکەکانمان دەکات، کەمکردنەوەی

بودجەی سەربازی بەمبەستی دەستبەرکردنی پەداویستیە تەندروستەکان بە هەمووان، هەوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان، دانانی سنورێک بە زیندانیکردن و زیندانی تایبەتی، گرانەوەی Glass-Steagall، زیادکردنی باج لەسەر دەوڵەمەندەکان، زیادکردنی لایەنی کەمی کرێ بە ١٥$ لە کاتژمێرێکدا، پوچەڵکردنەوەی قەرزی خوێندکاران، وەلانانی Electoral College، وەستانی شەڕەی دژەهەنانی گازی سروشتی و تێکشکانی شەوی خاوەندارێتی سەرچاوە کشتوکاڵیەکان. ئەمان ئەجندایەک نین بە شەش.

ساندەرز بە پێچەوانەی سۆشیالیستە ئادیکاڵەکانەوە بانگەوازی بەدەوڵەتیکردنی بانقەکان و نەوت و کارگەی چکۆکانی نەکردووە، لەدرێژەی نووسینەکەمدا چومەتە سەر ئەوەی، ساندەرز بانگەشتی ئەو ئەیتە تاوانبارانەی نەکردووە بە دادگا کەوا هەکارن لە تێکشکاندنی ئابووری جیهانی، یان ئەوانەی دەست پێشخەرییان کردووە لە هەڵگیرساندنی شەڕ، کە بوونەتە مایەی وێرانکردنی بەشێکی زۆری ژێرخانی ناوەڵاست و کوشتن و ئاوارەبوونی سەدان هەزار لەخەڵکی ئەوناوچانە، ئەو کارانە لەلایەن یاسا نەبوونەتکانەوە بە تاوان و دوژمنکاری لەقەڵەم دراوە. باجی ئەم کارانە لە ٥ تریلیۆنەوە تا ٧ تریلیۆن لەسەر وەڵات کەوتووە. ئەو بانگەوازی ئەوەی نەکردووە کە کرێکاران خاوەندارێتی بکەن لە کارگەو کەمپانیاکان. ئەو بڕوایەی نەداوە کە دەوڵەت چاودێری نەخاتە سەر خەڵک. ئەو نیازی نییە سزای ئەو کەمپانیانە بدات کە سەرمایەکانیان بردەتە دەرەوەی وەڵات. لە هەمووی گرنگتر بەوای وایە، کە من بەوام نییە، کە بتوانێت ئیفەرم لە نیزامی سیاسی بکات، تەنانەت لە نێو خۆی حیزبی دیموکراتیش. ئەو پشتیوانی لە مانگرتنی گشتی ناکات لە پێناو ڕوخاندنی سیستەمدا، کە ئەمە تاکە هیوایە بە وەستانی تێکچوونی سروشت کە بۆتە هۆشە لەسەر چارەنووسی تۆخمی بەشەریەت. لە باشترین دۆخدا لە ڕووی سیاسییەوە کەسایەتییەکی موعتەدیلی ڕەشنبیرە.
ئابڕایەتی حیزبی دیموکرات بە تەواوی درکیان بەوە کردووە لە دیموکراتیەتکی ئاستەقینەدا دەوڵەمەندەکان ناتوانن هەبژاردنەکان بکڕن و نوێنەرەکانیان بنێرنە واشنتنی پایتەخت بە دارشتنی یاساکان، لەبەرەو مەترسکانی ئاڵیگارشی لە دەسەڵات و قسەو باسی نیشتمانی بە بەها دەمێنێنەوە.
دیموکراتەکان وەکوو کەمارەکان، خزمەت بە بەرژەوەندەکانی کەمپانکانی بیمە و دەرمان دەکەن. دیموکراتەکان وەکوو کەمارەکان خزمەت بە کۆنتراکتەرەکانی هەزی بەرگری دەکەن. دیموکراتەکان وەکوو

کەمارکان خزمەت بە کەمپانیاکانی نەوت دەکەن. دیموکراتەکان شان بە شانی کەمارکان دەنگیان دا بە ٧٣٨ بلیۆن دۆلاردا وەک بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ ی هێزە سەربازەکان. دیموکراتەکان وەک کەمارکان هەرگیز بەنیازی کۆتایی هێنانی شەڕی نێوخۆیی ئۆژهۆلات نین. دیموکراتەکان بەهەمان شێوەی کەمارکان ئازادیە مەدەنیەکانیان لەوەرگرتوینەتەوە وەکوو تایبەتمەندیە کۆسایەتەکان و ڕزگاربوون لە چاودێریکردنی بەکەمەوە. دیموکراتەکان بە ئەندازەی کەمارکان هەڵگایان داوە بۆ دەوڵەمەندەکان کەمکەی بەسووری بە هەڵبژێردراوەکانی خۆیان بکەن و ببێتە مایەی ئۆوەی هەڵبژاردنەکانمان لەڕێی بڕیلدانەوە بچێتە پێش. دیموکراتەکانیش وەکوو کەمارکان دژگاکانی پڵیسیان بە ئاراستەیەکدا بردووە کە بەتە خاوەنی ٢٥% ی بەندکراوی هەموو جیهان، لەکاتێکدا وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها خاوەنی لە 5% دانیشتووانی هەموو جیهانە. دیموکراتەکانیش وەک کەمارکان رووی سیاسی کەمینەی دەسەاتدارن. سەرکردەکانی پارتی دیموکرات – کلینتۆن، نانسی پیلۆسی، چاک شومەر، تەم پرێز – پێیان باشە حیزب و دەوڵەتی دیموکراتی هەبووشێنەوە لە بڕانبەر دەستهێنگرتن لە بڕژەوەندکانیان. پارتی دیموکرات سەنگەرکی پتەو نیە بە ووی ئیستبداددا، بەکو زامنی ئیستبدادە. ئەوان هاوبەشکی تەواون لە پڕۆژەی چینایەتیدا، لە ڕێی درەو و فێڵکانیان لە ژنان و پیاوانی کرێکار توانیان ڕاوەستی خێیان بکەن بەهەمان شێوەی ترامپ. هەر هەڵەشێیک لە بڕانبەر بڕژەوەندیە چینایەتییەکانیاندا تەنانەتە ئەو پڕۆژانەی ساندرزیش خستنیە ووە، ئێیتی ناو دیموکراتەکان ئامادەن لەگەڵ کەمارکان ڕێک کەون بە هەشتنەوەی ترامپ.
چیبکەین ئەگەر ئەلیگارشەکانی ناو پارتی دیموکرات جارکی تر مافی خۆ هەڵبژاردنیان لە ساندرز سەندەوە؟ ئایا دەست لەم سیستەمە هەڵدەگرین کە هەمیشە یارکانی دژ بە ئەمە ئەنجام دەدات؟ ئایا پشت دەکینە دەوڵەتی ئەلیگارشی لە پێناوی بنیاتنانی دام و دژگاکان بۆئەوەی لەگەڵ خواستەکانی خەڵکدا بگونجێ بە پاراستنی خەمان و چاە هەکەنین بە هەزەک لە بڕانبەر هەزەکی تر؟ ئایا سەندیکاکان ڕێکدەخەین و بڕیاری سیەم و هەزی چەکداری بەدەخەین کە بزمانی شەڕی چینایەتی خۆی نمایش بکات؟ ئایا هەدەستین بە سازدانی ڕێکخراوە کەمایەتیەکان کە بتوانێت دراوی ناوخۆی و بانقی گشتی و شوێنە هەرەوزەکانی خواردن بخاتە بخات؟ ئایا دەستدەین بە مانگرتن و یاخیبونی مەدەنی (عصیان) بە بەدەستەوگرتنی دەسەات و زگار بوونی خەمان و ئەم هەسارەیە لەم ئەلیگارشیانە.
لە ٢٠١٦، بەوام وا نەبوو ابڕایەتی دیموکراتەکان ڕێ بە ساندرز

بـــدەن خـۆی هـەبژێـرێـــت بـۆ پـاســتی ســەرکـایـەتی، هـەرواش دەرچـــوو، بـەکاریان هـێنا بـۆ کـەکردنـەوەی دەنگـەکان بـۆ قازانجی هیلاری کلینتن. بـەوام وانیـیە ئـەو دوژمنکاریـیـانە لـە بـەرانبـەر ساندرز دا هیچ کـەمی کردبـێت لـە ٢٠٢٠. دزیکردنـەکەی ئـەمجارەیان پـێ شـەرمهاوەرتر دەبـێت، وە زۆر هـێزی بـەشداربووش لـەو ئاشکرادەبـێت. ئـەگـەر هـەموو ئـەمانە وەک ئـەوەی تـەبیینی دەکـەم هـەوبـەدەن و چـێپ بـەردەوام بـێت لـە پشتیوانی خـۆی بـۆ دیموکراتـەکـان، کـەواتـە ئـەمـانـە تـەنهـا گـەل نیـن بـەڵکـوو بـەشدارن لـە کـۆیلـەکردنی خـۆیان. بـنیات نانی هیچ حزبـێکی سیاسی لـە بـاوەشی دیموکراتـەکاندا سـەرکـەوتوون بـۆ دەست ناهـێنـێت، هـەروەها لـە یـەک خولی هـەبژاردنیشدا ئـەم بزووتنـەوەیـە بـنیات نانـرێت. خـەباتکردن دژ بـە ئـەلـیگـارشی قـــورس و مانـــدوکـەرە و کـاتـێکی زۆرو خـەبـــاتی بـەردەوامی دەوێت، قوربانی و زیندانی دەوێت، ئـەم شـتـانـە لـە خـەباتی چینایـەتیـیـەوە سـەرچاوە دەگـرێت. هـێزی ئـەلـیگارشی دەست لـە هیچ شـتـێک ناپارێـزێت بـۆ سـەرکوتکردن و لـەباربردنی ئـەم بزووتنـەوەیـە. شـێـوەی کرانـەوەو ناتوندو تیژی دژ بـە دەسـتـەوات تاکـە هیوامانە، دەبـێت دەســتـەاتی کـەمینـە بروخـێنـرێـت، ئـەگـەر شکســتمان خـــوارد ئـەوە لـە کـۆتاییدا دیموکراتـیـیـەت و ئـەگـەزەکـەشمان لـە ناودەچـێت.

وە: گـەران عـەبدوڵـا

سـەرچاوە:
https://www.truthdig.com/author/chris_hedges/

دیســتانس لـە دوژمنـە نادیـارەکـە -4- … ئازادی

بـەشی چوارەم

٠ لـە دیستانسی ئـەندازیـیـەوە بـە دیستانسی کـەمـڵایـەتی :

لـێـرەسایـەی پـەتای کـۆرۆنـاڤایـرەس زاراوەناسی (Terminology) بـە خشکـە ئیشـی خـێـدەکات و رۆژانـە بـە زاراوە و وشـەی نـوێ دەمـاناسـێـنـێت و لـەگـەڵ مانـــا و بـەکاربردنـەکـــانیشی دەمـــاڵنگونجـێـنـێت. بـەپـــێی

ڤایرۆسناسەکان لە ئێستادا باشترین شتەك دەشێت بۆ خۆپارێزی شانەشانی رێکارییە تەندروستییەکانی تر جەبەجێبکرێت دیستانس (دووری، نێوان، بڕین)(Distance)، ئەمبەتە دیستانسی جەستەیی (فیزیکیی) (Physical Distancing). رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) بریاری لەسەر دروستکردنی بڕینەك داوە لەنێوان کەسەکاندا کە 2 مەترەك بێت لە ئێستاشا لەگەڵ زیادبوونی مەترسییەکان، زانایانی بواری ڤایرۆسناسی پێشنیاری زۆرتر لە 2 مەتر دەکەن، بەمەبەستی سازاندنی ئەم نێوانە زۆبری ڕەحمی و ناخی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دروستکردووە و هەڵچنینی دیوارەکانی بڕین و نێوان زۆرێك لە مرۆڤەکانی دووچاری نامۆی و خەمۆکی کردووە. بڕیارەکەوتن و دەست لەیەکتردان و باوەشبەیەکترکردن هەمیشە بۆ کەسی ناساغ مانای ڕەحمی و دڕوونی خۆی هەیە، لە پەتای کۆرۆناڤایرۆس ئێژێت ئەوە قەدەغەیە! دیستانس لە تەگەیشتنەکی بیرکارییەوە بۆ تەگەیشتەکی کۆمەڵایەتی ئەو گفتوگۆیەیە کە پاندەمی کۆڤید- 19 بەجۆرێکی تر هێنایگۆڕە. پەتاکە ئەو وشەیەی خستەناو سیستەمەکی گشتگیری ئەنجامگرانەی زیرەکانەوە. بیریشمان نەچێت کە زۆربەی مایکرۆبایۆلۆژیست و ڤایرۆسناسەکان پێیانوایە ئەم پەتایە ڤایرۆسەکی ژیرە و جووڵەکانی سامناکە و لە دۆرەوەی کۆنترۆڵیشە. ئەمە وایکرد کۆرۆناڤایرۆس دروستکەری دووریەکی (دیستانسەکی) تایبەت بۆخۆی بهێنێتەئاراوە، پەوانە بێتەکایەوە و ئەندازە کاری ژماردن بکات. هەر بڕیە دووریی لە لەکسیکۆنی کۆرۆناڤایرۆس مانای پزیشکی و تەندروستی هەیە، کە لە مانا ماتماتیکییەکەوە سەرچاوە دەگرێت و مرۆڤاکان جێگای ژمارەکان و ئەندازەکان دەگرنەوە. دووریی جەستەکان لەیەکتر ئامانجی پزیشکی تەدایە، کە ئەوەش بە ئەوەیە ناسنامەی تەندروستیمان تەکەبەیەك تر نەبن، هەرچی کۆرۆناڤایرۆس ناسنامەی لە جەستەکان وەرگرتووە. جەستەکان لە چوونە نێو یەکتر Intertextuality دان. جەستەکان لەکدابراو نیین. بەیەك ئاشنان و بەیەکتر شت دەدەن. هەستیان بە یەك هەیە و یەکتر بانگ دەکەن، شتی هاوبەشیان هەیە. ئارەزووی یەکتر دەکەن و لەناو یەکتردا وەنابوون دروستدەکەن. مەخابن سیاسەتی تەندروستی تایبەت بەپەتای کۆرۆناڤایرۆس جەستەکان لەکدادەبڕێت و دووریەش دەخاتە نێوانیانەوە. دووری بەشایی (Space) دروستدەکات. لەگەڵ کۆرۆناڤایرۆس کە باس لە بەشایی کرا نەك هەر فەلسەفە، بەڵکو بیرکاری و فیزیاش هاتگە. چونکە وشەی بەشایی ئاقاری تر بە گفتوگۆ دەدات کە بەشایی لەوەدا تەنیا کۆمەڵایەتی یان جەستەیی نییە هەروەك تەندروستی مەبەستیەتی.

بەواتایەکی بەرینتر، مەدلی بیرکاری شانەشانی فیزیك لەم

تەنگژەی پەتای کۆرۆنا هاتۆتەوە. لە فیزیکدا دوو جۆر چەندێتیی هەیە. "چەندێتیی پەوانەیی (کات، بارستایی، درێژایی) و چەندێتیی ئاراستەدار (هێز و تاودان)". ئەمە ئێستا لەناو چەندێتیی پەوانەییداین. یەکەی پەوانە بە دورخستنەوەمان لەیەکتر دەکوێتە کار. مەتر ئامرازی پەوانەکردنکەیە. ئەمە مەدڵی نەهێشتنی سڕز و هێستە بە یەکتر، نەمانی ماچ و باوەش و تۆقەیە، کەتایهاتنی بڕیەککەوتنی جێستەییە. وەکیتر، کۆرۆنا شێوازێکی تازەی لە چاودێری و قەدەغە و ڕێگری و بگرە ڕکاری توندی ئاسایشیش دروستکرد کە دەمکە حکومەتکان خەونی پێوەدەبینن.

مەبەست، کۆرۆناڤایرەس وشەی دووریی (دیستانس) لە کردارە ژمارییەکەی خەی خست و لەبری ئەوەی لەنێوان شتەکاندا هەبن کەوتنە نێوان مرۆڤەکانەوە. دووریی لە دووری ئەندازییەوە بڕەو دووری کۆمەڵایەتی ملینا. پێشتر بیرکاری باسی لە "دووریی لە بەشایی دوو ڕەهەند (Dimension)ی یان سێ ڕەهەندی" دەکرد کەچی ئێستا دووریی کەوتنە دەزگەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییانەوە. دووریی لە ڕەهەندی ماتماتیکییەوە بڕەو ڕەهەندی سیسیلژیانە هەنگاو دەنێت. ماتماتیك دەیویست پێمانبڵێت "دووریی نێوان خاڵ و ڕاستەهێڵ خەی بڕیتییە لە کەمترین دووری نێوان خاڵەکە و هەر خاڵێکی سەر ڕاستەهێڵەکە" کەچی ئێستا سیسیلژیای دووریی لژێر زەبری کۆمەڵایەتی پەتای کۆرۆنا پێمان دەڵێت دووریی خۆپارێزیی و ئەوی تر پارێزیشە. دووریی لێرە دروستکردنی مەودایە بە زەقکردنەوەی بەشاییەك کە ڕەهەندکەی سیاسەتی تەندروستی دیاریدەکات. پەتای کۆرۆناڤایرەس سود لە نەمانی دووریی وەردەگرێت بە ئیشکردن، بەاووبوونەوە و تێشنەسەندنی خەی، سیاسەتی تەندروستیش بەچاندنی دووریی، کە دیواری هەچنراوی نێوان جێستەکانە، کار لەسەر سنوردانان بە پەتاکە دادەنێت، بەڵام پەتای کۆرۆناڤایرەس دووریەکانی، نێوانکانی، جارە لەسەر زەوی هەشتوەتەوە و نیگەیاندەتە ئاسمان. لەسەر زەوی بینەکان پەویستە لەنێوان مرۆڤەکان بپەورێن، کە پێشتر لەنێوان شتەکاندا دیاری دەکران. سیاسەتی تەندروستی و پزیشکی کە گوێ لە سەنتەرەکانی ڤایرەسناسی و مایکرۆبایۆلۆجی دەگرێت بریار لەسەر دووریی نێوانکان دەدات. هێنووکە نێوانی مرۆڤەکان ترسناکترە لەنێوانی مرۆڤ – ئاژەڵ یان مرۆڤ – شتەکان (ئۆتۆمبیل، تەنەکە).

کەوابێت لێرە دەپرسین:دیستانسی جێستەیی (فیزیکی) یان دیستانسی کۆمەڵایەتی(Social Distancing) بکەوێتە نێوان کامیانەوە؟ بەشێك لە ڕاوێژکارانی ڕەخنەیی تەندروستی جیهانی پێیان باشترە بوترێت دیستانسی جێستەیی تا دیستانسی کۆمەڵایەتی،ئەمەش بە ئەوی

مرۆڤەکان هەست بە بوونی خۆیان، بوونی کۆمەڵایەتیان، بکەن. دیستانسی کۆمەڵایەتی دابڕان و لێکجودابوون لە ئاگایی کەسەکان دروستدەکات و کاردانەوەی دژووونیشیان لەسەر دادەنێت. هەرچی لە دیستانسی جەستەییدایە جەستە لەوە نابێت و لە "ئەوی تر"یش دوور دەبێت و دژکرێت بوونی کۆمەڵایەتی خۆشی بپارێزێت. وەک خوێندن و کارکردن لەماڵەوە،لە دوورەوە. واتە لە دیستانسی جەستەییدا لە پەیوەندییەداین بە دابڕاوی. ئەم داهێنانی پاندەمی کۆڤید -19 یە.ئەم پاندەمیە دەخوازێت دوورەدوور لەتەکیەکدا بین. نەوان یەکماندەخات نەک پەوکەوەبوون.

حەیف ئەو دەمەی بۆشایی دەکەوێتە نێوانمانەوە ئێدی ئەمە لەک دادەبڕدێین. لێکدابران تەنیا کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو جەستەیشە. بۆشایی لێکماندەکاتەوە و نەوان دەخاتە بەینمانەوە. بەینمان تەدەکەوێت و پەیوەندی لێکدەترازێت. لە فیزیادا هەروەک بیرکاریش هەموو دووریەک ئاراستەی خۆی هەیە. کە باس لە بۆشایی دەکەین جۆرێک ئامادەیە. شوێنێک کە خۆی لە بەرفریدا دەبینێتەوە. واتە رەهەند (Dimension) بوونی هەیە و خودی رەهەندیش لە فرە رەهەندییدایە. کەرەناڤایرەس دەخوازێت شوێن دیاری بکات، جە دەستنیشان بکات و لە بە سنوریەوە بیبات بەرەو سنورداریی. رەهەندی بۆشایی لەسەر دەستی فیزیاناسان لە "سێ رەهەندیەوە (بەرزی، درێژی، پانی) بەرەو چوار رەهەندی" دەچێت. "جۆی (شوێن) کە سێ رەهەندییە لەگەڵ کات کە یەک رەهەندییە پێکەوە چوار رەهەندییەک پێکدێنن" کە ئەوەش جێکات Spacetime دروستدەکات.

ئەبستە بەچوونی فیلەسوفان و بیرکاران و فیزیاناسان بە بۆشایی لە زەر لاوە یەکناگرنەوە بەتایبەت لەو شوێنەی کە فەلسەفە دیاردەیت بزانێت بۆشایی بوونە یان نەبوونە، لە فەلسەفە لەوە حالییە کە بۆشایی دەکەوێتە نەوان شتەکانەوە. ئەو دەمەش ئەم روودەدات بۆشایی تەنیا نییە و لە پەیوەندیدایە. ئەستا کەرەناڤایرەس ئەو پەیوەندییە دەخوازێت بقرتێنێت. ئەم گفتوگۆیە کە دەچێتە خانەی فەلسەفەی کاتەوە دوو زانای سەدەی 17 ، نیوتن و لایبنتز Leibniz، رەلیان لە بەرەو پەشەوەبردنی ئاقاری گفتوگۆکان، لەمەر کات و بۆشایی، دیووە. بە نیوتن جیاوازی لە نێوان " جووڵەی سرەوت و جووڵەی نەسرەوت" دا نییە. " لەو شوێنەی سرەوت نەسرەوتە بۆشایی هەر دەمێنێتەوە". هەرچی بەپێی لایبنتز "بۆشایی پەیوەندی نێوان تەنەکانە". بەم شێوەیە ناجۆری و ناهاوشێوەییەک لە بینینی ئەم دوو زانایەدا هەیە. نیوتن "بۆشایی یەکسانەدەکات بەو پەیوەندییەی لەنێوان شتە مادییەکانەدا "هەیە. ئەمە بە لایبنتز وەک خۆی هەرسنابێت، چونکە لایبنتز وایدەبینێت کە "بۆشایی ئەو کاتە هەیە کە

تەنکان جگا داگیردەکەن و دەبێت لەتەنیشت یەکیشەوە بن ئەگەرنا بەشایی بوونی نییە". بەشایی لای نیوتن "جگایەکی رەهای هەیە و بوونی پێویست ناکات بە شتەك پربکرێتەوە". بەم شێوەیە بیت ئێستا ئەمە زۆرتر لەناو بیردۆزەکانی لایبنتز دەژین تا نیوتن.
کەواتە، لەبەر رۆشنایی ناسنامەی بایۆلۆجی پاندەمی کۆڤید – 19ناسنامەی رۆشتی و ناسنامەی تەندروستی خەمان دادەڕێژنەوە و لە جەنگی پزیشکی و تەندروستییەوە بەرەو جەنگی فیزیایی و ئەندازیی ملدەنێین. ئەم جەنگە بە خەڵاهێنانی تاکیشە لەسەر لە ماڵەوەبوون بە پاساوی پاراستنی تەندروستی، تەندروستی جەستەکرا بە خەمی هەموان. هەموان بوونە کۆیلەی جەستە و جەستەش نایەوێت ئەوە ببینیت کە نابینرێت یان جارێ نەبینراوە.

- **دوژمنی نادیار/ بینینی نەبینراو**

گەی زەوی دوژمنێکی هاوبەشی بە دروستبوو کە هەموو پێکەوە لەسەر ناونانی بە پاندەمی کۆڤید – 19 ڕێککەوتین، هەر هەمووش کەوتینە جەنگەوە لەگەڵ ئەم دوژمنە نادیارە. لە ماڵەوەبوونمان کردە سەنگەری بەرەکانی ئەو جەنگە زەرە ملێیەی بەسەرمانا سەپێندرا دژ بە ""دوژمنی نادیار Invisible enemy "". بە ئەوەی بچینە بەرەکانی جەنگ، بە وگەڕخستنی تانك و تۆپ و ڕاکێت کەوتینە بەزاندنی ئەم دوژمنە گەردوناوییە. سەرسامکەر نەبوو کە ترامپ وتی "من سەرکی کاتی جەنگم لە شەری کەرناڤایرەسدا" (wartime president in coronavirus battle). هەندێك ناویاننا ""دوژمنی نادیاری هاوبەش common invisible enemy ""، چونکە دوژمنی کۆیە، دوژمنی پێکەوەبوون و ڕابەری دابران و جوداکردنەوەکانە لەگەڵ ئەویتر و لەگەڵ خودی خەشمانا. لەتەك ئەویتر دووچاری نەناسی کردین، لەتەك خەمانا خستمانە ململانێ و گومانکردن لە پاکوخاوێنی خەمان. بەم شێوەیە، نادیاریی (نەبینراوی) Invisible کەرەنا چیمان لە داوادەکات؟ کەرەنا داوای ئەوەمان لێدەکات ببینە قەناغی دیارەوە (بینراوەوە) (Visible) یان دان بە بوونی ئەو دیوارە بهێنین کە لەنێوان دیار و نادیاردا هەیە؟ بە هاتنی ئەم میوانە نائازیزە نەبینراو بووە بینراو و بەشایی نەوانیشان نەما و شوێنکیش بە نەبینراو لە بوونمان لە ئامادەبوون کەوت. بەئەوەی وتنەکانمان پتر فەلسەفی بکەین و دژی دیار(بینراو) لەناو نادیار(نەبینراو) و بەپێچەوانەشەوە ڕاڤەبکەین، بە ئەو مەبەستە، دەگەڕێنەوە لای

بیرمەندی فەنەمەنەلۆژی فەرەنسی مەرلۆ – پۆنتی Merleau-Ponty کە لەم رووە جێپێی تەراماندکانی ونناین.
لەرە، لەو توێژینەوەیەی ناوبراوەوە دەستپێدەکەین کە بەناوی ""چاو و ڕۆح"" نووسیوێتی و تیایدا هەندێك پرسیار دەکات کە پێشتر لە پەرتووکی "فەنەمەنەلۆژیای درك" دا کردونی: "پێوەندی دژگەرای نێوان بینین (روئیا) و بابەت؟ ئەو روئیایەی ناسنامەی گشتێ جەستێ و جیهانێك دیاریدەکات"؟ پرسیارەکان وادەکەن مەرلۆ – پونتی "پێوەندیەك لە نێوان جەستێ و جیهان دروستبکات کە جەستێ نەتوانێت دەستبەرداری جیهان بێت " بەجێرەك " گشت جیهان دەشێت لە جەستەدا خۆی بەرجەستێ بکات". ئەزموونی جەستێ لەرێ ئەزموونی دانپێانە لەنێوان شت و خود دا. بەمجۆرێ جەستێ لای مەرلۆ – پونتی دەتوانێت ببینرێت و بشبینێت".
مەرلۆ – پۆنتی لەم کارێیدا باوەریشی بەوەیە "درکی حیسی جیهان بێ بینین دەستپێدەکات و سەرەتای ئەم بینینەش جێختکردن دەبێت لە رووی جیهان. واتێ "درکی حیسی بەهۆی بینینەوە مسۆگەردەبێت". ئەوەی تایبەت بەم لایەنەش مەرجێ سەرنجی بخرێتەسەر ئەوەیە کە بەهۆی بینینەوە درکی جیهان دەکەین. لەم حاڵەتەدا "چاو درکی جیهان دەکات. کەرەنا دەزێکی هەناوەتێ پێشێ کە جیهانی درکپێکردن بکەوێتێ ناو زەنی نەبینراوەوە، ئەو جیهانەی کە تیایدەژین و خەریکە دەکەوێتێ دەخی لەبیرچوونەوەوە، کە ئەوەش وادەکات نەکارین ئەو جیهانێ وەك بینراو پێپێبەرین. لەم حاڵەتەدا "جیهانی درکپێکردن" پێچەوانەکەی بەرهەمدەهێنێت. "تێژیانی ژیان" یش دووچاری ئەستەمی بینین دەبێت. بەیێ سەرنجڕاکێشانێ پاندەمی کۆڤید-19 بینینمانی لە بینین خست. یان کەرەناڤایرەس مافی بینینی سنوردارکرد. تەنیا ڤایرەسناسەکان، شارەزایان لە ئێپێدیمی، درمناسی (Epidemiology)، ئەو مافیان پێبەخشراوە ببینن.
میرلۆ – پونتی لە بەشەك لە قسەکانی پشتگیری لە وتنەکی پۆل ڤالێری Paul Valéry دەکات کە "وێنەگر جەستەی خۆی ئامادە دەکات" و ئەوەش بێ ئەستەم دەزانێت کە "چۆن مرۆڤ دەتوانێت ڕۆح وێنەبکات". بەس ئەم پرسەیە جیهان دەکات بێ وێنە و "ئەوەش کە وێنە دەدات بەدەستەوە چاو و دەستە". کەواتە لەرە وێنەگر دەبێت بێ مایکرۆبایۆلۆژیست کە دەکارێت نەبینراو بخاتە ناو پرسەی بینراوەوە. گەر لەسەر ڕووتی هزرڤانی میرلۆ –پونتی سەبارەت بە هەمان بابەت بەردەوامبین دەپرسین:

“شتی بینراو چیە؟ ئەو شتە چییە کە شت دەکات بە بینراو؟ بینراویی شت چییە؟ لەرە مەرلە – پەنتی جەختدەکات کە “مانا بینراو نییە” و بەهای ئەوەو نەبینراویش دەستنیشاندەکات. بەس ئەوەش رووندەکاتەوە کە “بینراو دژە جەمسەری نەبینراو نییە”، چونکە “بینراو بەشکی لە نەبینراویی تەدا ئاخنراوە”. واتە بینراو نەبینراو لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. مەرلە – پەنتی ئەمە بەوە لەکەداتەوە کە” نەبینراو بەچوونکی دژە نهێنیانەیە بە بینراو”، بەڵام”مەرلە- پەنتی بەراووردکارییەکان لەنێوان بینراو و نەبینراو پەسەند ناکات”، چونکە بەراووردکارییەکان بوونیان نییە. ئەمەش بە ئەم بیریارە فەرەنسییە ئەوە دەگەینێت کە “بینراو بناغە بە نەبینراو دادەنێت”. کەواتە کەرەناقایەس لەرە نەبینراوە، لە مەحکومە بە بینین. خودی ناوکی بەگژیە لەسەر بینینی. ناونانی سەرچاوەی بینینکەیەتی. بینراوە بە کێ؟ لە کوێ؟ بە قایەسناس و لە ئەزموونگەکانی درمناسی دا ئەوە کراوە.

بەقسەی مەرلە – پەنتی “بەئەوەی لە بینراو تێبگەین پەویستە لەپەیوەندی بینراو بە نەبینراو تێبگەین”. “بینراویش بەوە لەقەم دەدات کە شتەکە لەرە نییە، ئەو شتەیە کە دوورە”. گومانیش ناکات “بینراو یان بریتییە لەو ئیدیایەی گشت کەسێك هەیەتی بەخۆی یانیش ئەوەی ئەویتر لەپێناو تێدا هەیەتی”. ئەبەتە پەیوەندی نێوان بینراو و نەبینراویش واشیدەکاتەوە کە “نەبینراو تەنیا نەبینراو نییە”. “بینراویش دەشێت ئەو شتە بینراوە بێت کە بە من بینراوە، یان بە کەسێکی تر بینراوە، دەشکرێت ئەو شتە بە ئەو بینراو بێت و بە من نەبینراو بێت”. تەنانەت باوەڕی بەوەشە کە “نەبینراو چاڵێکە لە بینراو دا”. هاوکات هەموو بینراوێك وێك نەبینراوێك دەبینێت “ئەمەش بەو مانایە نایەت کە بینراو و نەبینراو ناکۆکن”. مەرلە- پەنتی ئەمە بەسەر درك و نادرك، ئاگای و نائاگایشا پەیرەودەکات. هەروەها مەرلە – پەنتی “نەبینراو وێك ئەو شتە دەبینێت کە ئێستا بینراو نییە”، لە دەکرێت لە شوێنکی تر خێی دەرخات. ئەمەو پێیشوایە “نەبینراو وێك هیچ وایە، هیچیش نە لە نەبینراو زیاترە و نەش کەمتر”. ئەبەتە”پەیوەندی نێوان جیهان و بوونیش وێك پەیوەندی نێوان بینراو و نەبینراو دەبینێت”. پەویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە گفتوگۆی مەرلە – پەنتی تایبەت بە بینراو و نەبینراو لەهەندێك شوێن لەگەڵ “ئەنتەلۆی دەکارت رووبەروودەبێتەوە”، کە لەرە بواری وێستانمان لەبارەیەوە نییە.

سەرباری ئەوە، مەرلە- پێنتی لەم بارەمەیدا "جێستە دەکات بە شتێك دەکەوێتە نێوان جیهانی دەرەوە و ناوەوەی "من" ەوە، جێستە ئیدی شتێکی بابەتی یان دەرەکی نییە، بەڵکو لەنێوان بابەتی و خودیدایە"، ئەمەش لەبەرئەوەی کە "جیهان بەڵەمەولا ، بەبەچوونی مەرلە – پێنتی، جیهانێکی بابەتی تاك نییە". بە مەرلە – پێنتی ئەوەش پرسیارە کە "ئایا جیهانی دەرەکی لەودیو ئاگایمیانەوە بوونی هەیە؟ باشە گەر هەشبێت دەتوانین جیهان لە دەرەوەی ئاگایمان بناسین؟" بەخێی ئەوەی مەرلە – پێنتی دیاوەت بیکات پێشنیارکردنی لێکدانەوەیکی ئێنتەلێژیانەیە لەمەر بوون لە جیهانا. پرسیاری "بوونی جیهان مانای چییە؟" بە مەرلە – پێنتی پرسیارێکی فرە بە ماهیەتە. ئەم پرسیارە لای ئەم هزرڤانە بە ناواخنە، چونکە "پرسیارە لەسەر مانای بوون". پرسیارکردنی ئەم هزرڤانەش لەسەر مانای بوون لە جێختکردن لە بوونی خودی بوون گرینگترە. وەکیتریش "عەودالبوونی مەرلە – پێنتی بەدوای مانای بوون دیباتەوە شوێنێك قسە لە واتای خود (سوبژێکت) و بابەت (ئوبژێکت) یش بکات".

پووختە، بە کەمکردنەوەی مەترسیێکانی کەرناڤایرس بریار لەسەر دروستکردنی بینی کەمایەتی لەنێوان کەسکان لە کەمەگە ، لە شوێنە گشتی و تەنانەت ناو ماڵکانیش درا. تاکەکان لە ماڵکان، ماڵ کە بووە ئۆفیس و کارگە و یاریگای بچووك، کە لە دەخی کەرنتیندان ویستی تەندروستیان بەسەر ویستەکانی تردا سەپاند و ئەو بینیان خستە نێوان خیانەوە کە سیاسەتی تەندروستی دایرشت. ئەمە دانپیاهێنانە بە بینینیەن. بینینی کەمایەتی بە کەمکردنەوەی پێوەندی کەمایەتی لە شوێنە گشتییەکان و وەستاندنی جووڵە هاوڵکە بە دورکەوتنەوە لە بینراو. بینخستنە نێوان کەسکانەوە دانپیاهێنانە بە بوونی فیزیای، جێستەیی، پێتای کەرنا. دورکەوتنەوەی کەمایەتی دورکەوتنەوەی جێستەیشی تێدا بەرجەستەیە. دورکەوتنەوەی کەمایەتی هاوشانە لەگەڵ خکەرنتینکردن، هەردووش خەپارێزی دروستدکەن لە پێتای ناوبراو، لە دوژمنە نادیارکە. ئەوەی یەکەم لە دەرەوە لەناو کەمەگە پیادەدکرێت و هەرچی دووەمە لەناو ماڵ لە روویەرکی بچووکتر. بەم جەرە پێتای کەرنا لە گشت شوێنێك بوونی خێی سەپاندووە. مەترسیەکە بەگەیە لەسەر بوونی بە بینراو. پێتای ناوبراو ئێستا قەناغی نادیاری تێپەراندووە. واتە کەرنا جێستەیە.جێستەش ، بەپێی بینینی

فەنەمەنەلەژیانی مرۆڤ – پونتی، "بابەتێکە لە جیهان دا خۆی تاقیدەکاتەوە".
کەوابێت پاندەمی کۆڤید – 19 کێتایی بە فەلسەفە ناهێنێت.
"فەلسەفە کە پرسیارکردنە لە جۆرێکی تر"، پرسیارکردنێك کە گشت "پرسیارەکانی زانین دەجووڵێنێت و لە بنەچۆی مانای پرسیار و وەڵامەکانیش دەکۆڵێتەوە" ئەو ڕۆگایانە هەڵدەوشێنێتەوە کار لەسەر بەسیاسەتکردنی قایرەس دەکات و ئەوەش شیدەکاتەو کە پێتای کۆرۆنا بووە هۆکاری بینینی نوێی ئەو.
سەرنج: لەبەشەکانیتر دەینووسەر ئەم بابەتانە: دەرمانخانەی فەلسەفی و دەرمانخانەی کۆرۆنا، گۆرانەوە بە خوێندنەوەی ڕەمانی "تاعون"ی کامی لە دەمی کۆرۆنادا، کێتایی جیهان و ترس لە کۆرۆنا، کێتایی فەلسەفە یا خود کێتایی زانست؟، چارەنووسی کەمەڵگەی فرەکولتوور و جیهانگیری لەژێر زەبری پێتای کۆرۆنا، ڕاڤەکاری بیرمەندان (بادیو، ئاگامبەن، ژیژێك و…) بە پێتای کۆرۆنا….

ماویەتی……

ەخنەگرتن لە سەردەمی کۆرۆنادا … د.شەونم یەحیا

وەکو هەندێ لە ئەوە دەزانن سیستەمی سەرمایەداری مرۆڤکی خێپەرستی بێ ڕەحمی دروستکردووە نوسینەکانی فەیلەسوفان و کەمەناسانی ڕۆژئاوا و بچوونەکانیان ئەو لایەنەمان نیشان دەدەن ، ئەوە عەقڵیەتی سەرمایەداری و نیولیبرالیزمە کارەساتی مرۆیی لە ڕۆژئاوا دروستکردوە.
(ئالان تۆرێن) کەمەناسی فەرەنسی پێ وایە جیهان وەکو جارا نەماوە ، ئەمرۆ هەست بە مەترسی دەکات. و قسە لەسەر ووتەکەی مانوێل ماکرۆن دەکات ، کە دەڵێت ئێمە لە جەنگداین" تۆرین دەڵێ " بەشێوەیەکی تەکنیکی جەنگ بە مانای ووبەووبوونەوەیە لە نێوان هێزی (ئەلف) کە خاکی ووڵاتی (با) داگیر دەکات " بەڵام لەم

حاڵەتەداتە ئەم دوو ڕەگەزمان نیە ، وەکو جێن جەنگ لە نێوان ئادەمیزاد دایە، ئەوەی ئەمرۆ تێدا دەژین ووبەووبوونەوەیە لەنێوان ئەوەی مرۆڤایەتیە و ئەوە نا مرۆڤایەتیە"
تۆرین ڕەخنە لە بەکارهێنانی دەربڕینی جەنگ ناگرێت ، بەکو پێ وایە ڕەنگە جەنگێك بێ جەنگاوەر بێت، لێرەدا هیچ جۆرە ستراتیژیەتێك نیە ، ئەم قایروسە سەرکی حکومەت نیە لە لایەنی مرۆڤایەتی ، بەلا ئەو ئەمرۆ ئەمە لە جیهانێکی بێ ئەکتەر دەژین" جیهانی بێ ئەکتەریش بەلای تۆرین هەڕەسهێنان کەمەگاکانە " ئەو کەمەگایانەیە کە پیشەسازی مانای بێ داناون،
بێ نموونە ئەمرۆ بزاڤە کرێکارییەکان نە بکەری (کەمەایەتی و سیاسی و نە جیهانین نە نشتیمانی و نە چین)، ئەوەی کە ئیستا ووەدات پێچەوانەی جەنگە ، لەلایەك بەرەی ئامڕی بیولۆژیمان هەیە ، لەلایەکی دیکەوە بەرەی گرووپ و کەسایەتیانەی بێ فیکر بێ سەرکردەوە بێ ڕەفتار و بەرنامە و ستراتیژیەت و زمان مان هەیە ، ئەوە بێ دەنگیە.
نموونە بە سەرکی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) دەهێنێتەوە پێ وایە لە مۆژووی سەرکایەتی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تا ئێستا سەرکێکی ڕەوتار سەیری وەکو (ترامپ) بەخێیەوە نەمبینیوە ، زۆر بەکەمی هەگری ئاکارو کەسایەتی سەرکی تێدا دەبیندرێت و لە دەرەوەی هەموو ئەو پرنسیپ و پێوەرانەیە بێ سەرك داندراوە، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕێکەوت نەبووە ، بەکو دەرئەنجام بووە، بۆیە ئەمرۆ ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێی وەکو سەرداری جیهان لە پاشەکشدایە"

فەیلەسوفی فەرەنسی(میشیل ئۆنفری) لە چەندین چاوپێکەوتنیکدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە شارستانیەتەکان مردوون " بەتایبەتی شارستانیەتی ڕۆژئاوا کە لەسەر ئاینی مەسیحیەت بونیادنراوە" .
پێ وایە "شارستانیەتی ڕۆژئاوا توانای بەستنەوەی ئابردوو بە ئێستا و داهاتوودا نی یە ، و نەیانتوانیوە پەیوەندیەك لە نێوان ئاینی مەسیحی لە ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا دروست بکەن، لە ڕووحیەت داماڵدراوە ، نەیتوانیوە بەهانسك لە نێوان دونیای پشکەوتووی تەکەنەلۆژیا و پرسە ڕووحیەکان دروست بکات ، کاتێك کەبنچینەی شارستانیەتی ئەوروپا بێ ئاینی مەسیحی دەگەرنیتەوە بە کەنە پارێز تاوانبارت دەکەن"
هەروەها دەڵێ بەاو بوونەوەی ڤایرسی (کۆڤید19) زیاتر هەرەسهێنانی شارستانیەتی یەهودی و مەسیحی لە ڕۆژئاوا ڕوونتر نیشانمان دەدات ، بەوەی کە دەزگا تەندروستیەکان نەیانتوانی پێداویستیەکی سەرەتای

که (دەمامك)ە بۆ هاوڵاتیان دابین بكەن، بەتایبەتی ئەو كاتە كە ماكرۆن لە ووتارێكیدا بانگهێشتەی جەنگی لەگەڵ ئەم ڤایرۆسەدا كرد " هەروەها ئۆنفری باس لە قەیرانی (دەمامك) دەكات و دەڵێ " ئەم قەیرانە هەر بۆ هاوڵاتیان نەبوو بەكو بۆ پزیشكانیش بوو ، ئەمە ئەگەر هەرەسهێنان نەبێ ئەی چی یە؟ ئەوروپا بە (جیهان سێیەمی نوێ) ناو دەنێت. لەلایەكی دیكەوە هاوكاری چین لە دابینكردنی ملیۆنەها (دەمامك) ئەمەش بەلای ئۆنفری لاوازی ئەوروپا دەردەخات " و بەسەردەمی ووخانی یەكێتی سۆڤیەت دەشوبهێنێ"

كەچی بە پێچەوانەوە ئەو ووحیەتە لە نێو كەلتووری كوردا بوونیكی جوانی هەیە. من دەمبینی لە كوردستان دڵاوسێ(دەمامك)یان بۆ یەكتر دروست دەكرد، ئەگەر دەستكردیشبوایە ، لە ماركێتەكان خەڵك لە بەر دەگا پێداویستیەكانی خۆپارێزی بەسەریاندا بۆ بەرامبەر دابەش دەكرا ، دەمبینی خەڵك چۆن هاوكاری و كۆمەكی رۆژانە بۆ بەرامبەر بەسەر كەم دەرامەتەكان دابەش دەكەن ، خەڵك پابەندی ئینماییەكان بوون. ئەمە بەتەمەنەكانی خۆمان دەپاراست بۆئەوەی بەر ئەم ڤایرۆسە نەكەون ، كەچی سیستەمی سەرمایەداری و نیو لیبرالی بۆ ئەوەی لە كێ خانەشینان ببنەوە ، دەستیان لە چارەسەركردنیان هەڵدەگرتن ، ئەوەتا (مشیل ئۆنفری) دەڵێ " ئایدیۆلۆژییای (ماسترۆشیە) سەردەمێكە وەكو میوە كەووە ، دەرئەنجام سیاسەتی لیبرالی ئەوروپی ، لێگەڵا كەسە بەتەمەنەكان لە ژێر دەستیاندا بمرن ، هەرچەندە ئەگەری ژیانیان لە چاو گەنجەكان كەمتر بوو" هەروەها دەڵێ " ئەوروپیەكان دان بەوە دانانێن كە شارستانیەتەكەیان بەرەو لە ناوچوون یان نیشانەكانی پیربوون بە ڕواڵەتیەوەیەتی"
هەرەوەها لە ووڵاتێكی پێشكەوتووی وەكو سوید خەڵك لەو دۆخەدا كافتریاو جۆشتخانەكانیان وڵا بوون. هاوكاری یەكتر نەبوون ، كەچی لە دەرەوەی ئەم هەرێمە بۆ نموونە ووڵاتی (چین) توانی ئەو دۆخە هەبقۆزێتەوە و قازانجێكی یەكجار زۆر لە فرۆشتنی (دەمامك) پێداویستیەكانی خۆپارێزی لە (كۆڤید19) بكات ، لە كەناڵی فرەنس5 لە گفتوگۆی نێوان چەند توێژەیەك باس لە فرۆشتنی قەبارەی ئەو (دەمامكانە)یان دەكرد، كە چین بە ئیتاڵیای فرۆشت كەچی هەموو دونیا لەو بڕوا یەدابوون كە چین كۆمەكی ئیتالیا كردووە ، ئەو زانیاریەیان لا نەبوو كە ئەوان لە دۆخێكی وا ناهەمواردا قازانجێكی باشیان لە جیهانكردووە.

(ئیدگار مۆران) كۆمەناسی فەرەنسی پێ وایە " ئەم قەیران نیشانمان دەدات ،" عولەمە تەنیا پشت بەستن بە یەكتربوو بۆ بوونی

سۆلیداریەتی"
هەروەها فەیلەسوفی ئەلمانی (یۆرگن هابرماس) لە ڕوانگەی ئەخلاقیەت و فەلسەفە و سیاسیدا سەبارەت بە قەیران تەندروستی جیهانی پێ وایە" ئەم پەتایە ئەمرۆ خۆی سەپاندووە ، وتا ئێستا کاریگەری پێچەوانەی لەسەر شارەزایان دروستکردووە، و پێویستە بە لۆژیکی مەعریفی ڕاست کاربکەین کە هیچ نازانین"
هەروەها سەبارەت بەو بەرستانەی کە ڕووبەرووی قەیرانی تەندروستی دەبێتەوە ،پێ وایە " پێش هەموو شتێك گرنگە سەیری دوو حاڵەت بکەین بۆ ئەوەی دەست بۆ شکڵی مرۆڤایەتی ببردرێت ، وەکو لە ناوەڕۆکی یاسای ئەلمان لە مادەی یەکی ئارتیکلی 2 دا ئەوەی شیکردۆتەوە کە هەموو کەس مافی ژیانێکی تەندروستی هەیە. حاڵەتی یەکەم تایبەتە بەوی کە ناویان ناوە (فەرز) ، و ئەوەی دووەمیان هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ لابردنی ئەم فەرزە .

هەروەها (نوام جۆمسکی) فەیلەسوفی ئەمریکی لە گۆڤارێکی ئەمەریکی ڕەخنە لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران دەگرێت و دەڵێ " دەسەڵاتداران لەماوەی چل ساڵی ڕابردوو هەر خەریکی بەخشینەوەی پارە و پێکردنی گیرفانی سەرمایەدارەکان و کۆمپانیاکان بوو، و شتەکانی تری بە وڕانی بەجێهێشتوە"
وسیستەمی تەندروستی ئەمەریکی بە ئابووبەر ناوزد دەکات ، نموونە بە پەتای (کۆرۆنا ڤایرس) دەهێنێتەوە ، دەڵێ ئەوەی ئیستا ووەدات بەراستی هەژانە، کە میللەت نەتوانێ تەنانەت شیکردنەوەی تەندروستی ئەنجام بدات ، و نەخۆشخانەکان توانای پێکردنەوەی پێداویستیەکانیان نیە و هەرەسیان هێناوە کە توانای ئەنجامدانی بچوکترین شیکردنەوەیان بۆ نەخۆشەکانیان بکەن ، کەچی ووڵاتێکی وەکو کۆریای باشور زۆر بەئاسانی توانی ئەمە بکات ، ئەمەش بەهۆی قۆرخکاری ئابووری ، جگە لە قەیرانی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی خەیان بۆ دۆخێکی لەناکاو ئامادەکردبێت ، بۆیە بۆیە ئێستا ووبەووی بەربەست دەبینەوە و ناتوانین ڕێگری لەم گرفتە بکەین""
هەروەها (ستیفانۆ برزی) نوسەری ئیتاڵی هەنگە بەشێك لە ئەوە لەڕگای ئەو نامەی کە ئاراستەی کردبوو بەناوی (سوپاس ماکرۆن و سوپاس خاتوو مەرکل) لە سایتی (تشوتایمز) باوی کردەوە کە ڕۆژئاوا شەرمەزارددەکات لەوەی کە بە هانای ئیتالیاوە نەهاتن تاوەکو دۆخەکە لەدەست دەرچوو."
ئەم ڤتایە بۆ هەر دەوڵەتێك ئەزموونێك بوو ، طۆرانی ضیهانطیری و عولمة و مؤدیَرنیتة و ڤۆست مؤدیرنیتة نەیانتوانی لة

دۆخێکی وا دا بە زووترین کات مرۆڤایەتی لە قەیران رزطار بکەن ، بەتایبەتی قەیرانی تەندروستی ئەوەی کە بیریان لێ نەکردبووە ئەم جۆرە قەیرانە بوو ، دەرئەنجامەکانمان بینی ، بۆنموونە ئەم دۆخە سەلماندی کە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بە خەمی دابینکردنی بودجە و ئیمکانیەتی زۆر بۆ بواری سەربازی و ئامرازەکانی ئەم بوارە و بەکارهێنانی زەبروزەنطی نارِەوا بوون ، ئەوەندە لە خەمی سەنتەرەکانی تویژینەوەی تەندروستی ئیشکی نەبوون ، ئەمەش جارێکی دی مرۆڤایەتی دەخاتە ذێر ثرسیارِ کە ئەوەندە هەوڵ بۆ لە ناوبردنی مرۆڤایەتی دراوە ئەوەندە هەوڵ بۆ رزطارکردنی نەدراوە، ئۆنفری راست دەکات کە دەڵێ "هەموو شارستانیەتەکان مردوون " هەموو شارستانیەتەکانی جیهان لەبەرامبەر کۆظید 19 دەستەوەستان بوون نەك هەر ئەوە بطرە زلهێزەکان لەو دۆخەدا کەوتبوونە ثەلاماری یەکتر و تاوانبار کردنی یەکتر، کەواتە شارستانیەتی ئەمرۆ وەکو رابردوو نیە ، دڵنیایی بدات و لە خزمەتی مرۆڤایەتی بێت. تێکضوونی بەلانسی نێوان شارستانیەتەکان ئەمرۆ بۆتە سەرضاوەی قەیران بۆ مرۆڤایەتی .

سەرچاوەکان

https://www.aljazeera.net/news/cultureandart/2020/3/23/%D9%85&
%D8%B1%D8%A7%D8%AC%D8%B9%D8%A7%D8%AA-
%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%85%D8%A9-
%D9%84%D9%81%D9%8A%D9%84%D8%B3%D9%88%D9%81-
%D9%81%D8%B1%D9%86%D8%B3%D9%8A-%D9%87%D9%84-
%D8%B3%D8%AA%D9%86%D9%87%D8%A7%D8%B1-
%D8%A3%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%A8%D8%A7-
%D9%88%D8%AD%D8%B6%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D9%87%D8%A7-
%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%82

Alain Touraine,"Cette crise du Covid-19 va pousser les – &
soignants vers le haut sociologue au journal « El País »,
.POSTÉ LE 7 AVRIL 2020 PAR NOUVEAUX LATINOS

Edgar Morin : « Le confinement peut nous aider à commencer- &
une détoxification de notre mode de vie »,Par David Le Bailly
.et Sylvain Courage , L'obs,Publié le 18 mars 2020 à 07h01

Jürgen Habermas : « Dans cette crise, il nous faut agir -&
dans le savoir explicite de notre non-savoir », Propos

recueillis par Nicolas Truong ,le monde, 10 avril 2020 à 06h00.

-&
https://bluenoqta.com/2020/03/21/%D9%86%D8%B9%D9%88%D9%85-%D8%AA%D8%B4%D9%88%D9%85%D8%B3%D9%83%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%88%D9%84%D8%A7%D9%8A%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AA%D8%AD%D8%AF%D8%A9-/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A

Stefano Bruzzi“Grazie Macron e Merkel!” tusciatimes,17 marzo-& 2020.

ئەتیکی ستایل … تۆماس ڤاشەک … کاوە جەلال لە ئامانییەوە

ستایلەکی چاک زۆرتر لە شێوەی خۆشین یان بەخشینی دیاری بە کەسێک. ستایلی چاک پرسیاری هەڵویستە. مەسەلەکە لێرەدا بریتییە لە هۆشت و ڕەز و کەرامەت. ئاخر ستایل تەنیا پێوەندیی بە چۆڵوهۆڵ نییە، بەڵکو هەروەها بە هۆشتەوە.

گریمان فیرمایەک کۆتایی بە گرێبەستی کارمەندێکی خۆی دەهێنێت کە دەمێکە لەوە دامەزراوە و خزمەتی زۆری کردووە، جگە لەوە کەسی کارمەند هیچ بەدەفتارییەکی نەنواندووە کە ببێت بەهۆی کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکەی. ئەمە دەتوانین بە ئەم هێڵە پێشبینیی دوو سیناریۆ بکەین: لە سیناریۆی یەکەمدا گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەتەک ئەو کارمەندەدا ئەنجامدەرێت، و لەو میانەیەدا سوپاسی دەکرێت بۆ ئەو هەموو کارەی لەوە ئەنجامی داون، پاشان هیوای بەختەوەریی لە ئایندەدا بۆ دەخوازرێت. لە سیناریۆی دووەمدا بۆ دەنگەکەی فەرماندەرانە داوا لە کەسی کارمەند دەکرێت کە لە ماوەی یەک سەئاتدا بیرکەی بپێچێتەوە، هاوکات فیرماکە یەکسەر چیپکارت و مۆبایلەکەی دادەخات. نە سوپاسکردن، نە هیچی دی. لە هۆشی یەکەمدا پەدچێت ببڕێن، کە هەڵسوکەوتی فیرماکە تا ڕادەیەک

دروست بووە، هەروەها گەرچی ئەو فیرمایە خەی کەتایی بە گربەستەکە هێناوە، سەرەڕای ئەوە بەرپرسان لەوە هەر چەندێک بەت هەستیان بە فەرمەکی تایبەتی کردووە. هەوشی دووەم بە پێچەوانەوە زەرینەی ئەمە تووشە دەکات. پەدچیت ئەمە لەم هەوشیاندا ببەژین: ئەوە ستایلەکی بەدە.

ستایل پێش هەموو شتەک شەوێکی دەرکییە، هووپێشکە کە ئەمە دەیدەین بە ژیانمان. ئەمە بە نموونە لە ستایلی پێشاک و کار و ژیان دەدوەین، یان ستایلی جیاواز لە هونەر و تەلارسازیدا. واتای تێگەکە لە هووی ئەتیمەلەژییەوە بریتییە لە تایبەتمەندیی دەربەینی زمانییانە و دەگەتەوە بە وشەی "ستیلوس"ی (پێنووسی) لاتینی، لە ئەمە زمانییانە بە دوو شەوازی جیا بەکاریدەهێنین: شەوازەکی دەسکریپتیق (وەسفی)، بە نموونە کاتەک دەبەژین، کە کەسەک ستایلەکی تایبەتیی هەیە، واتا خاوەنی جەرەکی تایبەتیی خەپێشینە، لەرەشدا زەر جار هووەدات کە تێگەکە هەروەها تەوەرێکەی پێوارەیی (نەرماتیق)، واتا نرخنەر لەخەدەگرێت. ئاخر گەر ئەمە ببەژین، کە فەان کەس "ستایل"ی هەیە، ئەوا دەربەینەکەمان هاوکات واتایەکی ناسەنەری هەزمەنەدی لەخەگرتووە. ئەمە بەم دەربەینە تایبەتمەندییەکانی وەک ئەلەگانس (هەکوپێکی)، چەژ، هەوشت و کەرامەت پێکەوەدەلکێنین. بە پێچەوانەشەوە زەر جار هووەدات کە ئەمە پرسەکانی ستایل تەنیا بەند دەکەین بە هووکەشەوە، کەواتە بە مەسەلەی دەرکییان دادەنەین، ئیدی هەر وەک پرسی ستایل ئەوە بەت کە داخە ئەمە "چی" بکەین نەک داخە "چۆن" ئەو شتە بکەین. لەم هوانگەیەوە "ستایلی چاک" فەزیلەیەکی لاوەکییە و هیچ بایەخەکی هاستەوخەی ئەتیکیی (ئەخلاقیی) نییە. لە ئەم شەوە تەهوانینە هەیە. ئاخر پرسیاری ئەوە کە داخە چۆن ئەمە شتەک بکەین، هەروەها لایەنەکی ئەخلاقی و مەرالی (هەوشتیانە) لەخەدەگرێت. کەواتە تێگەی ستایل لەپاە تەوەری وەسفیدا کە لەنەو ژینجیهانی کەمەایەتیماندا ێیشەی داکوتیوە، هەروەها هەهەندەکی ئەستەتیکی و ئەخلاقی-هەوشتیشی هەیە. هەر سێ هەهەندەکە لەکجیانەبەوە پێکەوەگرێدراون. (...) بە شەوێکی دی ببەژین، ستایل گرێدەری ژینجیهانمانە بە جوانە و چاکەوە، کەواتە بە شەوەی دەرکی و هەروەها بەو پرسیارشەوە، کە داخە چۆن گەرکە ئەمە بژین و کردار بنوێنین. پەدچێت بتوانین لەم تەهوانینەوە بگەین بە دەستپێکەکان بە "ئەتیکەکی (ئەخلاقناسییەکی) ستایل".

ستایلی بەد دەشت چەنەتیی هەوشتیانەی کردار تێکبدات. بە نموونە

کەسێک فیزدارانە و بە بەرچاوی کەسانی دیکەوە سەفتەیەک پارە بە سوالکەرێک فڕێ دەدات. ئەوە ستایلێکی بەدە. بە سەرنجێکی بەرایی لە کردارەکە خویا دەبێت کە ئەو کردارە لە هووی نەوشتەوە چاک بوو، چونکە هەر چەندێک بێت بەکی باش پارە بە سوالکەرێکە درا، لە ئاشکرایە کە لێرەدا جۆر و شێوازەکە، واتا ستایلەکە، گرنگە، چونکە کەسی بەخشندە بەو شێوە نەفتارە نێک تەنیا کەرامەتی سوالکەرەکە دشکێنێت، بەکو هەروەها کەرامەتی خۆیشی. مەسەلەکە هەروەها لە بەخشینی شتێکدا بە کەسێکی دی هاوشێوەیە، گەر هاتوو کەسی دیاریبەخش هیچ هەوڵێک نەدات بە ئەوەی دیاریەکە بپێچێتەوە. گەرچی شتێک وەک دیاری بەخشراوە، لە شێوەی بەخشینەکەی بەنرخیەک دەردەبڕێت. هیچ دوور نیە کەسی بەخشندە شتێکی گرانبەهای بە دیاری کەی بێت، لە هیچ بەهایەکی بە ئەوە دانەناوە کە دیاریەکە ستایلمەندانە بخاتە بەردەم کەسی دیاری پێبەخشراو. لێرەدا کەماسی شێوەکیانەی کردارەکە تا ڕادەیەک کرێکی نەوشتیانەی خودی ئەو کردارە تێکدەدات. ستایلی بەد دشێت کەرامەتی مرۆڤان بشکێنێت. ئەوە نێک تەنیا بەستایلییە کە بە نموونە داوا لە کارمەندێکی چەندساڵەی فیرمایەک بکرێت لە ماوەی یەک سائتدا بیرکەی چەک بکات، یان بە یەک تاکە ئێس ئێم ئێس (مەسیج) کەتایی بە پەیوەندییەک بهێنرێت، بەکو هەروەها "ستایلی بەد" کەماسی نەز لێخەدەگرێت، چونکە هەرش دەکاتە سەر کەرامەت و شکۆی کەسێکی دی. ئەمە پەیوەند بە مرۆڤێکی ستایلمەندەوە وایدادەنێین کە ئەو نەزی نەسا سەسیالێکان و نەریتکان دەگرێت، هاوکات دەزانێت کە چۆن لە دەخی دیاریکراودا بگونجاوی نەفتار دەنوێنێت. لەم ڕوانگەیەوە ستایل پەیوەندییەکی تایبەتیی بە شێوەی نەفتارمانەوە هەیە.

بەنەوشتی سەرەتا تەنیا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە مرۆ نەچاوی نەریتە باوەکانی نەفتارنوێنیی چاک دەکات. هیچ کەس ناتوانێت نکۆی لەوە بکات کە ستایلی چاک نەوشتمەندیی پێویستە. بە نموونە دشێت کەسێک کە بەردەوام بئابڕوانە نەفتار دەنوێنێت و کەسانی دی بریندار دەکات یان تەریقدەکاتەوە، کەسێکی خاوەن کاریزما یان زۆوقلی بێت، سەرنەای ئەوە بستایلە. بگومان دەبێت ئاماژە بە ئەوە بدەین کە بەنەوشتی و نەفتارنوێنیی چاک بەس نین بە ستایلی چاک. ئاخر تەنانەت بەدترین تاوانبارانی نازییەکان دەیانتوانی بەنەوشت بن. ئەمە لە ستایلی چاک چاوەنیی بکەک هەوەستی ئاگامەند و نەز بەرانبەر کەسانی دی دەکەین. ئەمە ناتوانین پەیوەند بە تاوانە قورسەکانەوە تگەی ستایل واتامەندانە بکاربەرین، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت واتامەندانە کەسانی دی

بکوژەت. بە نموونە هانیبال لێکتەر لە تریلەرە (Thriller) ئەمریکییەکەی "بەدەنگیی بەرخەکاندا" بەروانکەی نەبەستراوی بە سنگییەوە هەواسیو و لەتەک موزیکەکەی باخ-دا بە ناونیشانی "قاریاسیۆنەکانی گۆدبەرگ" قوربانییەکانی خەی دەخوات، ئەوە بە چشنەک کە تەواو گونجاوە بە نەریتی باڵای نانخواردنی سەر مێز، لە ئەوە هەشتا هەر ستایلێکی چاک نییە. جگە لەوە مەرج نییە کەسێکی "بەستایل" بەد بەت، لە ئەمە سەرەڕای ئەوە تا ڕادەیەک کەماسی ئەخلاقی-هەوشتییانەی دەدەینە پاڵ. کەسەکە بە ئەمە شایانی لەمەکردنە. لە گەر کەسەک بە پێچوانەوە ستایلی هەبەت، ئەوا چاوپۆشیی هەندەک شتی لە دەکەین، چونکە وایدادەنیین کە ئەو کەسە "هیچ نەبەت ستایل"ی هەیە، بە نموونە خشە-دزێکی کەشخە کە خشە دزراوەکان لەتەک هەندەک هەژاردا بەش دەکات. بەڵێ ئەمە تانانەت دەشەت لەم پەیوەندییەدا هەڵچاوی ئەوەش نەکەین کە کردارەکەی ئەو تاوان بووە.

مەرج نییە کەسی خاوەن ستایل هەمیشە فەزیلەمەندانە کردار بنوێنەت، لە ئەمە چاوەڕوانیی ئەوەی لە دەکەین کە ئەو تا ڕادەیەک لە هەڵفتاردا بەهەوشت بەت، ئەوجا گەر ئەو هەڵفتارەکی هەوشتمەندانەی نەنواند، ئەوا هیچ نەبەت بەو هەیەوە هەوەستەک پەشان بدات، یان هیچ نەبەت بەهاشکاوی بیدرکێنەت کە هەڵفتارەکی بەهەوشتانەی نواندووە. بەڵێ، گەر تانانەت ئولریش هوڵنەس مرۆڤکی بەهەوشت بەت، هیشتا هەر لەو هوانگیەوە کە ئەو سزای زیندانیکردنەکەی بە بە ئیستیئنافکردنەوە – و بە بە کەووزانەوە – قبووە کرد، ئەم هەوەستەی هیچ نەبەت ستایلێکی تایبەتیی هەیە. بە پێچوانەشەوە گەر کەسەک لایەنی کەم تروسکەیەکی ستایلی لەوە نەدروشتەوە، بەزەحمەت دەشەت کەسێکی فەزیلەمەند بەت. ئەوجا ستایلی چاک نەک تەنیا پەیوەستی بە هەڵسوکەوتنەوە لە کەسانی دی، بەڵکو هەروەها هەڵسوکەوتنیش لە کەرامەتی خودی خە. کاتێک ئەمە مەدەنیەتی بە ستایلی خەمان دەدەین، ئیدی ئەمە بەو هەیەوە خودی خەمان دروست دەکەین. ئەمە بە زەحمەت دەتوانین ژیانێکی بەدیهاتوو بەهەوبەرین گەر هاتوو هووی دەرکیی ئەو ژیانەمان هەڵچاو نەکەین. ئەوجا کاتێک ئەمە فەرم بەهەند وەردەگرین، ئیدی لەرەدا پەشانی دەدەین کە ئەمە هەروەها گرنگی بە ناوەرۆکیش دەدەین. لەمەدایە هەهەندە قووڵترە ئەخلاقییەکەی پرسیاری چۆژ، بە نموونە پرسیاری ئاساسی نەو ماڵ و پەشاک، کە بە رواڵەت ئەوها دەنوێنەت هەروەک بەدەر بن لە لایەنی ئەخلاقی. لە بنەڕەتدا کە بەموبالاتانە خەی بپەشەت یان گوزەرانگەی خەی دابووشێنەت، ئەو کەسە نەک تەنیا بە لایەوە گرنگ نییە چۆن

کاریگەری لەسەر کەسانی دی دانوستانت، بەڵکو هەروەها هیچ نزیک بە خودی خۆیشی دانانت. ئادلف فرایهۆف دەن کنیگ لووداو ئاست بوو کە گوتی، مرۆ گەرەکە "بە شارراوەیش هیچ شتێک نەکات کە شەرمی پێ بێت کەسێکی دی بیبینێت".

ئەمە دەتوانین لە ژینگەی سۆسیالمادا بزانین کە داخە چی ستایلی چاک یان بەد بێت. ئاخر ئەمە لە پرسیارەکانی ستایلدا نەچاوی پێوار و نەریتەکان دەکەین، بە نموونە نەساکانی نەوشتمەندی. ئەمە بە نموونە دەزانین کە بریندارکردن و تەریقکردنەوەی کەسانی دی، یان بەبێ هەڵتکردنەوەی هاتنی کەسێک بە لامان کە خەمان داوەتمان کردووە، ستایلێکی بەدە. ئەمە لەو ووەوە بەمە نازانین کە چۆن ستایلی چاک لە واتایەکی مەتافیزیکیدا دیاریدەکرێت، بەڵکو لەو ووەوە دەیزانین کە ئەمە تێگەی ستایل لە کەمەگەی خەماندا بە دروستی بەکاردەبین.

ئێتیکی ستایل نە لە ئەرکی بەمەرجەوە (حەتمییەوە) دەردەچێت، نە کردار تەنیا بگوترێ سەرەنجامەکانی دەنرخێنێت، بەڵکو وای دادەنێت کە ئەمە توانامان هەیە بە ئەوەی لە ژینگەی سۆسیالمادا ستایلی "چاک" لە هینی "بەد" جیابکەینەوە و ئەوجا بگوترێ ئەو جیاوازییە کردار بنوێنین. با نموونەیەک لە ژیانی ڕۆژانەوە بهێنینەوە. گەر ئەمە بە خانەخوێیەک ببڕژین کە خواردنەکەی بەڵاستی بێتام بووە، ئەوا گومانی تێدا نییە کە پێبڕژتنەکەمان زەر ڕاستگۆیانەیە، لە ئەم ڕاستگۆییە بەڵوشت و "بەستایلە". درۆیەکی بچووک یان نیمچە ڕاستیەک بەجێتر دەبوو لەو بەڵوشتییە. جگە لەوە گەر کەسێک "ستایلیست"ێکی چاک بێت، ئەوسا دەتوانێت تەوانینەکەی هێندە زرنگ دەربڕێت کە ئیدی بەو ڕێیەوە خانەخوێ ناڕەحەت نەبێت و سەرەڕای ئەوە هەست بکات کە خواردنەکەی وەستایانە نەبووە. بگومان ئەوە ڕاستە کە کەسی کارامە خەڵکی دەریەکی کردووە یان هەرچەنێک بێت دەربڕینێکی فریودەری هەبووە، سەرەڕای ئەوە لەم پەیوەندییەدا "فەیلەسوفی ئێتیکی ستایل" دەتوانێت ئەرگومێنت بهێنێتەوە کە ئەو کەسە پەیوەند بە دەخێکی دیاریکراوەوە پەرچەکرداری گونجاوی نواندووە و لەو دەخەشدا نابەجێ دەبوو گەر ئەو ڕەخنەیەکی ڕاستگۆیانەی بگرتایە، واتا گەر ئەو کەسە ڕاستگۆیانە ناخی خانەخوێی بەڕنجانایە. بەڵام، ئەمە ناچارین گفتێک کە داومانە، بیبینە سەر، لە ناچار نین ستایلمەندانە ڕەفتار بنوێنین. سەرەڕای ئەوە کەسانی دی چاوەڕوانیی ئەوەمان لێدەکەن کە لە هەندێک دەخی دیاریکراودا ستایلمەند بین. کەواتە ستایلی چاک هەروا سانا

پێوەند نییە بە پێکهاتەی ناخەکییەوە، کە ئیدی وای لێبکات بگوترێ هەستی دیاریکراو هەڤتار بنوێنێت، بەڵکو مەسەلەکە زۆرتر لەوە، واتا هەروەها ئەوەشە کە داخە چۆن مرۆ بزانێت لە دەخێکی دیاریکراودا بگونجاوی پەرچەکردار بنوێنێت.

ستایلی چاک پێویستی بە هەستناسکییە، بە نەرمییەکی تایبەتی هەڤتار. ستایلیستکی چاک هەڤتاری خۆی بەنەرمی دەگونجێنێت. ئەمە واتایەکی ئەوتە ناگەیەنێت کە ئەو کەسە بەدەرە لە پرنسیپی ئەخلاقی. سەرەڕای ئەوە ستایلیستی چاک ناچار نییە پێیەوی هەساگەلی وشک بکات، بەڵکو ئەو تەنیا هەڵچاوی کەسانی دی و خودی خۆی دەکات. ئاخر گەر مرۆڤ لەسەر هەسا تووندەکانی هەڤتارنوێنی بوات، ئەوسا بوو هەیەوە دەبێت بە کەسێکی بەکەماڵ و کەنفەمیست (هاوتاگەرا)، بە پێچەوانەشەوە ستایلیستی چاک ئاگامەندانە فەری ئەو پێوارە و نەریتانە دەبێت کە لەتەک هەستکردنی ئەستێتیکی و ئەخلاقییانەی خەیدا یەکدەگرنەوە و هاوکات بە "خود"ی خۆی دەیانسازێنێت، واتا بە ستایلی کەسیی خۆی دەیانگونجێنێت. ئاخر ئەمە بە پێویستی دەزانین کە ستایلی چاک تایبەتمەندیی کەسی و هەستنێتی لەخۆبگرێت، هەروەها سەرەڕاستی لەو واتایەدا کە چۆن کەسەک هاشکاوانە ستایلی خۆی پێشاندەدات. ستایلیستی چاک لەم شێوە تێگەیشتنەدا هەمیشە لەوە بەئاگاییە کە چ پێوارە کەمەایەتییەکان و چ بیرواکانی خۆی لەمە ستایلی چاک هەردەم شیاوی گەانن. ستایلیستی چاک هەردەم کراوەیە بە شیمانەی هەبوونی جیای هەر هەوشەک. ئەمە بگومان واتایەکی ئەوتە ناگەیەنێت کە گەیا ستایلیستی چاک ئاماکەی بگوترێ هەر با-یەکی هەڵکردوو هەبواست، نەخێر ئەو تەواو بە پێچەوانەوە بەوایەکی پتەوی بوو هەیە کە ئەمە مافمان نییە کرامەتی خەمان و مرۆڤانی دی بشکێنین. (...) ستایلیست مامەڵەکردنی بەد لەتەک کەسانی دیکەدا بە کرداری دزەو دادەنێت، کە بگومان هەرگیز ناتوانێت بەتەواوی هەوونی بکاتەوە بەچی هەڤتاری ئەوها بە دزەو دادەنێت. ئاخر ئەو ناتوانێت هانا بە هیچ مەتافیزیکەک بەرێت تاکو بەی هەوونبکاتەوە، کە داخە ستایلی چاک، واتا ستایلی سەربەخۆ لە پێوارە و نەریتە باوەدەستەکان لەو هەوانگە مەتافیزیکییەوە "بەهاستی" چۆن بێت، بە پێچەوانەوە ستایلیست پێیوەند بە باوەڕە پێوارییەکانی (نەرماتیڤەکانی) خەیەوە تەواو لەسەر زەمینەی هەر جیهانێکی سەسیال دەمەنتەوە و هەڵچاوی هەساکانی هەڤتاری ئەو جیهانە دەکات. بگومان زەر دەشێت ئەستا ستایلیست سەرزەنشت بکرێت، کە گەیا ئەو لە پرسیارانی هەوشتی و ئەخلاقیدا زەر خەگرایە، چونکە گەیا هەڵچاوی هیچ فرمانێکی بەمەرج (حەتمی) ناکات، بەڵکو لە

ئەنجامدا تەنیا ئەو دکات کە خەی لە دەخکی دیاریکراودا بە "ستایلی چاک"ی دادەنێت. لە ستایلیست دەتوانێت خەی لەم سەرزەنشتە لابدات، گەر ئەو هاستی و سەراستی بەجددی وەربگرێت، هاوکات بە ستایلی خەی دەسەز بمەنێتەو تا ئەو کاتەی کەسک پشانی دەدات یان خەی هەست دکات کە ئەو بەو ستایلە زیان بە کەسانی دی و خودی خەی دگەیەنێت. بگومان هیچ پەویست نییە کە مرۆف بەردەوام بیروەاکانی خەی بگۆڕێت، هەروەک چۆن کنیگە-ی ستایلیستی مەزن جارێک پشنیاری کرد: "لە گەتندا دژبەژیی خێت مەکە، کە ئیدی تە هەستیەک دەربەبەیت کە پشتر داکەکیت لە پچەوانەکەی کردووە".

کاوە جەلال لە ئەمانییەو

سەرچاوە:
Ethik des Stils – studylibde.com
studylibde.com › doc › ethik-des-stils

تەبینیی وەرگێ
تەماس قاشەک ساڵی 1968 لە ڤیین هاتە ژیانەو، لە زانستگە ئابوریی نەتەوەیی و ماتماتیکی خوندووە و وەک ڕۆژنامەوان چەند کارایەکی جیاوازی وەرگرتووە. ئەو نووسەری چەندین کتێبی بابەتیانەی فەلسەفەیە، ساڵە 2018 کتێبەکی بە ناونیشانی "ژیاندنی کات"، هەروەها ساڵی 2019 کتێبەکی دیکەی بە ناونیشانی "وەاتی ئاژووەران" بڵاوبوونەو. لە ساڵە 2011 بەدوواوە سەرنووسەری گەڤاری فەلسەفەیی "Hohe Luft"ە (هەوە لوفت کە وەک ناو لە گۆڕەکەکی هامبورگەو وەرگیراوە).

کەرکووکەخەم -چواردە- … ئەمجەد شاکەلی

یەکەک لە بەدبەختی و نەهامەتییە گەورەکانی مرۆڤی کورد، شەوازی بەرخوردی سیاسەتکار و فەرمانڕەوا و میدیاکار و زۆرێک لەوانەی خجێی نووسین و پەخشکردنن، لەتێک دیرێک و دەوروبەری خیاندا، کە دواجار بیرکردنەو و گوتار و تەوانینێک دنەتە بەرهەم، گەلە

جار، هەست بە بە بنەمایی و بە تەواوەتی و وردبوونەوە و هەواڵەتی و کورتبینییەکی تێدا دەکرێ. گەلێ جار، گوتارێکی بە خەڵکەکەی خۆیانی دادگەیەنن، گوتارێک ئاو بە ئاشی ئەوانەدا دەکات، کە بە خۆیان زەرجاران بە نەیار و داگیرکەر و...ناودەریان دەکەن. چەند ساڵێک، ساڵانێ و لە هەژی 28ی فێبریوەریدا، باس و گوتار و نووسین و ئاخاوتن و هەندێ جاریش ئاهەنگگێڕان پڕ خش دەبنەوە و ساز دەکرێن، بە یادکردنەوەی هەژێک، کە شارێکی کەلاری ئیستای سلێمانی و جارانی کەرکووکی، تێدا کراوەتە قەزا. گەلێک هەژنامە و بڵاوکراوە و ئینتەرنێتنامە، خۆ لەو بوارە دەدەن و باسی لەسەر دەکەن. ئەمساڵ، من بە خۆم، وەک هەواڵێک لە "باس نیووز"دا هەمایەکم بۆرچاو کەوت، کە بەوە کرابوو و چەند وێنەیەکی کەلار و خەڵکی کەلارەش لەو هەواڵەدا دانرابوون .
کەلار لە 28-02-1970دا، هێڵ یانزدە هەژ پشت پێکهاتنی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حوکوومەتی بەغدا و جاڕدانی بەیانی یانزدەی مارس، بە مەرسووماتی کەماری و بە بۆیارێکی سیاسی، لە گوندێکی ئاسایی، کە لە 1860وە یا بەڵک دواتر هەبووە و سەر بە ناحیەی شەروانەی قەزای کفریی ئوستانی کەرکووک بوو و، بە ئاوەی بە قەناخی "ناحیە"یەتیدا تێپەڕیت، کرایە قەزا و دواتریش لە 06-11-1975دا و بە مەرسووماتی کەماریی، لە کەرکووک دابڕنرا و خرایە سەر سلێمانی. هەموو خەڵکی کورد ئەمە دەزانێت و زەر چاکیش لە هەکارەکەی تێگەیشتووە، چون تەنێ کەلار لە کەرکووک دانەبڕنرا، بەڵکە کفری و خورماتوو و چەمچەماڵیش، کە سێ قەزای دیکەی کەرکووک بوون، لە کەرکووک دابڕنران. حوکوومەتی بەغدا وەک هەمیشە لە سەرانی کورد، زیرەکتر و دوربینتر بووە و هەمیشە، بە پێچەوانەی سەردارانی کوردەوە، پێشبینی و نەخشەی بە داهاتوو هەبووە. بە دابینی ئەو چوار قەزایە لە کەرکووک، دابینی زەرینەیەکی هەڵەهای کورد لە کەرکووک و پێوباکردنی کەرکووک ئەنجام درا. مەزنترین کردەی ناگوازتن و کێچپکردنی بە تێپزی کورد و عەرەبانەدن لە پارێزگای کەرکووکدا جێبەجێ کرا. بە ئاوەی کەرکووک بکرێت بە پارێزگایەکی عەرەبی، حوکوومەتی بەعس دەیان هەزار خەزان و سەدان هەزار عەرەبی سوننە و شیعەی لە ناوەند و خواروی عیراقەوە، دوای بەخشینی کەمەک پارە و زەوی و ماڵ و خانوو و کار و خۆشگوزەرانی و چێشی دیکە پێیان، هەنانی بە کەرکووک و لەوە نیشتەجێی کردن. کردەی ئەنفالی بەدناویش، کە پانی قوربانیانی خەڵکی کەرکووک و گەرمیان و ئەو دەڤەرانە بوون، هەر بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و بنبڕکردنی دانیشتووانی کوردی ئوستانی کەرکووک بوو.
ئەگەر بەڵێک بگەینە دواوە بە مێژووی سەردەمی دامەزراندنی

دەوڵەتی عیراق لە لایەن کۆلۆنیالیزمی بریتانیاوە، تێدەگەین، کە دەستکاریکردن و گۆڕینی سنووری ئوستانگەلێکی عیراقی لە پێکهاتووە، هەمیشە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی و ئامانجی عەرەبانەدن و تواندنەوە و سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ناعەرەب، بەتایبەت نەتەوەی کورد، بووە. لە دوای دامەزراندنی عیراق وەک دەوڵەت لە 1921دا و پێش ئەوەی هیچ ئامارێک بە دانیشتووانی وڵات بکرێت، کە بە 3.5 – 4.5 میلیۆن کەس مەزەندە دەکران، عیراق پێکهاتبوو لە چواردە ئوستان. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانیشیدا تا ساڵانی 1960 بە دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتووانی کاتێک کرایە دەوڵەت، ژمارەی ئەو ئوستانانەی هەر وەک خۆی مایەوە، واتە: هەر چواردە دانە بوون، تا لە 1969دا و بە یەکەم جار دەک کرایە ئوستان و بۆش عیراق بوو بە پانزدە پارێزگا. دەک، لەبەر زیادبوونی دانیشتووانی وڵات، نەکرا بە ئوستان، بەڵکە بە سێنەوەی کوردستانیبوونی ئوستانی موسڵ(کە دواتر کرا بە نینەوا) و بە هەڵگرتن لەوەی تەقوو(ئیە، قەزاکوڕەکە، ناوەک) کورد باسی کوردستانیبوونی موسڵ بهێنێتە بەرباس. ئیدی دەک و زاخۆ و ئامێدی و سمێل لە موسڵ دابڕێنران و کران بە ئوستانێکی سەربەخۆ. موسڵ، کە دەکی لە دانەبڕێنرابوو، پارێزگایەکی کوردی و کوردستانی بوو. بە دابینی دەک لە موسڵ، کورد لە موسڵ کەمبوونەوە، لە هەشتا قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شنگال(کە بە هۆیەکی ئەها، پێانی دانیشووانیان کوردن) و قەزاگەلی تلکیف و حەمدانییە و تەلعەفەر(کە تەکڕێن و پتر لە کوردەوە نزیکن تا عەرەب) لەگەڵ موسڵدا مابوونەوە و بۆش ژمارەی دانیشتووانی ناعەرەبی ئوستانی موسڵ لە عەرەبی ئەو ئوستانە زیاتر بوو. لە ساڵانی 1980دا حیزبی بەعس ئامارێکی یەکجار نهێنی بە دانیشتووانی ئوستانی موسڵ کرد، کە تێیدا دەرکەوت 57%ی ئوستانی موسڵ کوردن. هەردوو حوکوومەتی برایانی عارف(عەبدوسسڵام عارف و عەبدورەحمان عارف) پێش بەعس، هەستیان بە زەرەتی کورد لە ئوستانی موسڵدا کردبوو، بۆیە هەر لە ناوەندی 1960وە دەستیان کرد بە کۆچپێکردنی زەرەملێی کوردگەلێک کە لە سەرژمێری ساڵی 1957دا ناونووس نەکرابوون .

دەسەڵات و میدیای کوردستان، لەبری گرنگییدان بە باسکردنی کێشەکانی کۆلار و گەورەکردنەوەی کێشەکانی ئاهەنگگێڕان بۆی، کە کراوە بە قەزا، یا دەخشبوون بۆی، کە دەک کراوە بە ئوستان، دەبوو وەک ئەرکێک، مژووی عەرەباندنی کەرکووک و موسڵ و لەناوبردنی کەرکووک و موسڵیان بە خەڵک، بە نەوەی نوێ، باسکردایە. دەبوو عەرەباندن و وەدەرنانی کوردانی فەیلی لە بەغدا و عەمارە و کووت و خواروو کوردستان(زرباتیە و بەدرە و جەسان و مەندەلی) و کوردانی خانەقی

و جەلەولا و قزەبات تا دەگاتەوە شنگال، لە هەژی بە قەزابوونی کەلاردا، وەبیر خەڵک هێنرایەوە. دەبوو وەک یادی گچکەکردنەوەی کەرکووک و سەینەوەی سیمای کوردستانیبوونی کەرکووک بخرایەتە بەر باس. دەبوو هەوڵی چەکردنەوەی دابەینی چەمچەماڵ و کەلار لە سلەمانی درابا بە گەڕانەوەیان بە سەر کەرکووک.
جاران، کە دەگوترا کوردستانی عیراق یا باشووری کوردستان، بەجگە لە هەولێر و سلەمانی و کەرکووک(بە پردێ، دووبز، حەویجە، تاوغ، خورماتوو، کفری، چەمچەماڵ و کەلارەوە) و جەلەولا، خانەقی، مەندەلی، بەدرە، جەسسان، زرباتیە و عەزیزیە و نزیکی کووت و تا عەلی غەربی(علي الغربي) و عەلی شەرقی/شەرجی(علي الشرقي/الشرجي) دەگرتەوە و تەواوی ئوستانی مووسەیش وەک بەشێک لە کوردستان دەژمەردرا، چون پتر لە 75%ی ئەو پارێزگایە کورد بوون. ساڵ هات و ساڵ چوو، ئەو دەڤەرانە چوونە ئاو و لەبری لکاندنیان بەوەی ئەمە بە هەرەمی کوردستان ناوی دەرکردووە و لەبری ئەوەی ببنە یەک پارچە و یەک هەرەم و یەک چارنووس، تا دەهات دووراییەک لەنێوان هەرەم و ئەو دەڤەرانەدا دروست دەبوو. لەنێوان 2005 و 15ی ئۆکتۆبەری 2017دا، ئومێدێک دڵی کوردستانییانی خۆش کردبوو، کە ئیدی تا دەگاتە مەندەلی، گەلی کوردستان بووەتەوە خاوەنی و هەنگاو دەنرێ بەوەی بە هەسمیی جاڕی تەکەبوونی لەگەڵ هەرەمی کوردستاندا بدرێ. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017دا ئەو ئومێدە لایەن ئەوانەی هەمیشە قەرت و بڕس و هووخان و دووبەرەکی و لەتلەتکردنی وڵات و تەکشکانیان کردووەتە خەباتی کورد، تاسەنرا و لەبین برا.
کێشەی ئەو دەڤەرانە لە چنیەتی تەوانینی کوردستانییانە بیان. حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، لە دەلاقەی پست و پلە و پایە و بازرگانیی نەفت و پارەوپوول و ژمارەی کورسی و پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی شارەوانی و ژمارەی کارمەند و بەرپرس و یەک لیستی و ئەوانەوە دەنەنە باسکە. ئەوان ماددەی 140 و قودساندنی کەرکووک و هەژدەی 6+6+6+6 و 32%یان پە چارسەرە. تەواوی ئەوەی حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، بە چارسەری دەزانن، لەکن تاکی کورد و کوردستانییە ئاسایەکان، بەجگە لە کەمەکێک کەت و تەماح و بازرگانی و خەپڕستی و چاوچنۆکی و دەستبەردابوون لە خاک و نانیشتمانپەروەریەتی زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوانە تەوتەشقەڵەن و چارسەرگەلکن ئەو دەڤەرانەیان لە بەشە گرنگ و خشتەویست و نازدارەکەی باشووری کوردستانەوە کردووەتە بەشێک، کە حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، لیک دەزێتە دەمیان، کاتێک باسی دەکەن و، کاتێک دایاندەشن و ، کاتێک پەوە دەلەوەڵەن و، کاتێک وەک کێشەیکی چارسەرنەکراو تی دەنەن و دەیانەوێت هەر بەو جۆرەیش

بمێنێتەوە. کۆشکی ئەو دەڤەرانە لە دوو وشەدا کورت دەکرێنەوە: خاک و مرۆڤ!
حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، کە خەیان ئەو دەڤەرانەیان بەو دەردە بردووە، ئەگەر هەر بە ناستی دەسەزی وەزات و نیشتمان و گەلی خەیانن، ئەگەر باوەڕیان بەوە یە، کە کەرکووک کوردستانە و بەجگە لە کوردستان شتێکی دیکە نییە، دەبوو شەقڵک لە تەواوی ئەو کەت و بەندانەی 140 و 32% و قودساندنەی کەرکووک، هەدەن و سانتیمیتر لە دوای سانتیمیتر خاکیان بگەڕابایەوە. دەبوو باس باسی خاک بووایە. دەبوو کەرکووکیان بگەڕاندبایەوە بە کەرکووکەی 1957 و پێش 1963. دەبوو کفری، کەلار، چەمچەماڵ، خورماتوو بگەڕابانەوە سەر کەرکووک، نەک ئاهەنگ و شایلەغان بە بەقزابوونی کەلار ساز کرابا، کە زالوو (زەروو)ئاسا، لەسەر لاشەی کەرکووک، کفری، خورماتوو، خانەقی، جەلەولا، قزڵەبات، مەندەلی و خواروی کوردستان، بە خەی قەڵەو دەبەت و ئەوانیش لاواز دەکات!

08-03-2020

ئەفسانە چییە؟-4- .. هێبەز محەمەد جەزا

[ئاپەرتێك دەربارەی چەتی ئەفسانەو خورافیات]
هێبەز محەمەد جەزا

بەشی چوارەم : (ئەفسانە وەك ئەدەب و هونەر):

شلیگەل بۆیە چووە کەئەفسانەو هەنراوە یەك شتن و جیاوازیان لەنێوانەدا نیە ، فیکریەش ئەوەی روونکردنەوە کەئەفسانە سەرچاوەیەکی هەستنە بۆئیلهامی وەژەو مەژوو سایکۆلۆژیا . لەمەوە چیرۆك و نوکتەو هەنراوە و رۆمان و هونەر و فیکر و وەژەی گەلانی داناوەو بەتەپڕبوونی کات بەخەیاڵ و زیادکردیی بەستراونەتەوە . تانانەت لەسەردەمی نوێدا ، ئەفسانەکان لایەنکی هاستەقینەی زەر ئەزموون و کرداری هونەری ئەدیبان بوون . هەرلەو سەردەمەشدا ئەفسانە بەشەوازی دەربینی هونەری بەستراباوونەوە وەك ئەوەی

لەکۆنترین نەخش و وێنەی بتەکان ، .....

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن .....

ئامانی شەربەتی ترس وچەند سەرنجێك ... سەدیق سەعید رواندزی

دیاردەی ژن کوشتن، بە پاساوی کێنەوەی شەرەف و گیانەوەی شکۆی کەسی و خزانی بۆ بنەماڵە، بووەتە نەریتێك لە کۆمەڵگەی ئێمە و هەگبەکی مژووی درێژی هەیە، کە وەك بەشێك لە سیمایەکی میللی و خڵەکی،نۆو بەشکی کۆمەلگە دەبینرێت. دیاردەیەك کە تیایدا زۆرجار لە پەنای خشەویستی بە ناو ڕاستەقینە، هەگەزی مرۆ تیایدا دەبێتە قوربانی و بە مەرگی ئەو کۆتایی دێت. گەلێك جارئەم دیاردەیە، وەك تیمەیەکی نووسین هەنگدانەوەی لە دنیای چیرۆك و ئامانی کوردی هەبووە.کە خۆم وەك خوێنەرێك تەنها لە ماوەی ئەو ساڵەی ڕابردوودا، چەندین ئامان و چیرۆکم خوێندونەتەوە، کە باسی ژن کوشتن بە پاساوی شەرەف لە کۆمەڵگەی کوردی دەکەن. وەڵێ نایشارمەوە لە بەشکی زۆری ئەو دەقانەدا، نووسەری کورد نەیتوانیوە بە شێوەیەك بەرجەستەی ئەو ڕووداوانە بکات، کە کاتێ خوێنەر دەیخوێنێتەوە، هەست بکات لە بەردەم گیانەوەیەکی واقیعی نییە، بەکو ئامان دەخوێنێتەوە. خوێنەر کاتێ ئامانی(زۆرەکەی ئەستەنبۆل) دەخوێنێتەوە، بە درێژایی گیانەوەی ڕووداوەکە، بە تاسەی ئەوەیە بزانێت چارەنووسی ئەو ژنە چی دەبێت کە لەلایەن براکەیەوە لاقە دەکرێت و منداڵەکەی لە یەك کاتدا، مستەفا هەم خایەتی و هەمیشی باوك.تا سەرەنجام لە کۆتایی ئامانەکە، ڕاستییەکان دەردەکەون و بەو هۆیەشەوە مستەفای برای کچەکە دەموودەست دەمرێت. لەو ئامانەشدا، ژنە لاقەکراوەکە، دەیەوێت منداڵەکەی زگی لە بار بەرێت، وەڵێ سەرەنجام پەشیمان دەبێتەوە و منداڵەکە گەورە دەبێت و لە کۆتاییدا چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی دەزانێت. ئامانی (شەربەتی ترس)یش، چیرۆکی کچێك بە ناوی (مەحبوبەی نازدار)دەگێڕێتەوە، کاتێ لەلایەن دەسگیرانەکەیەوە لە پەنای خشەویستییەوە، دەست درێژی دەکرێتە سەرو لاقەی دەکات. ئەویش ناچارە، پەنا ببانە بەر پزیشك و نەخشخانەی نازەنین، بۆ ئەوەی

منداڵەکەی نەو زگی لە بار بەرێت. ئەم ڕووماڵە، لە چەندین ڕووەوە ڕووماڵکی ئاستاتیکی ولاوازە. من وەک خوێنەرێک کاتێ لە خوێندنەوەی بوومەوە، نائومێدییەکی گەورە دایگرتم، بەوەی کە چۆن نووسەری چیرۆکی(باوکی ناو تەلەفۆن) ڕووماڵکی بە هەزو نا بابەتی لەو شێوەیەی نووسیوە!.کە هیوادارام ئاماژە نەبێت بۆ پاشەکشەی نووسینی چیرۆک و ڕۆمان، لای ئەو چیرۆکنووسە دیارە. لەم ڕووماڵەدا، خوێنەر بەر چەندان وێنەی ناهونەری، دەربڕینی نابابەتی، بۆ چێژو جوانی دەکەوێت. بونیادی گێڕانەوە بە شێوەیەکە، ئەگەرچی بەش بەش کراوە، وەلێ لە سەر یەک ڕیتمی گێڕانەوە دەڕوات، کە وامان لێ دەکات هەست بکەین حیکایەت و چیرۆکێکی میللی و ئەفسانەیی دەخوێنینەوە نەک ڕۆمان کە ژانری سەردەمە.ئەمە وەڵای ئەوەی لە چەندین شوێنی ڕووماڵەکەدا، بەر وێنەی هاودژو گێڕانەوەی هاودژ دەکەوین، کە پێ دەچێت بەسەر نووسەری ڕووماڵەکەش تێپەڕیبێت وهەستی پێ نەکردبێت. لە هەندێک شوێنی ڕووماڵەکەدا،گێڕانەوە و دەربڕینەکان دەچنە ئاستێکی هێندە لاواز،وەک ئەوەی فلمێکی هیندی بینین وایە. ئەم جۆرە دەربڕینانە، لە زمانی نووسەرێک ناچێت، کە ئەزموونێکی درێژو جوانی نووسینی چیرۆک و گێڕانەوەی هەیە، بەڵکو لە ئەزموونی نووسەرێک دەچێت، کە تازە هاتبێتە نێو دونیای نووسین و مەبەستییەتی هەرچۆنێک بێت شتێک بگێڕێتەوە. بۆ ئاگا لەوەی گێڕانەوە، هونەرە و دەبێ هەزی کەشکردنی خوێنەری تێدابێت.لێرەوە ئاماژە بە چەند لایەنێکی نا هونەری ونا بابەتی ڕووماڵەکە دەدەین:_

*لا31نووسیویەتی:(ڕۆمان ئەوە نییە کە ژمارەیەک لاپەڕە ڕەش بکەیت). ئەو ڕۆمانەی کە ئێستا لە بەردەستمدایە، ڕۆمانێکی ئاساییە و هیچ جۆرە داهێنانێکی تێدا نییە. ئەو ڕۆمانەی کە ئێستا لە بەردەستمدایە، ڕۆمانێکی ئاساییە و هیچ جۆرە داهێنانێکی تێدا نییە.

*38:(مەحبوبە دەیگوت مردنی باوکم بە مانای داووخانی سەقفی ماڵ بە سەرم، کەس بەکەوتنی ئەو سەقفە تەنها نابێت من نەبێت). ئەمە لە کاتێکدا ڕۆمانووس خۆی لەڕاپەڕەی12ی ڕووماڵەکەیدا، نووسیویەتی:(ئەوەتا ئێستا لە ئاپارتمانەکەی خۆمدا لە نهۆمی سێیەمی ئەم بینایەدا، ئەم ڕۆمانە دەنووسم!.) *39:(بینایەکی گەورەم بینی،واتابینای نەخۆشخانەکەی دکتۆرە نازەنین).

*لا41ئەمجارەیان دەنووسێت:(ئەم ڕۆمانە ئەو ڕاستییەی تێدا نییە کە ئەو ژنە دەرگاوانی نەخۆشخانەکە ناوی ست فەریدەبوو، مامۆستای فیزیا بوو). *40:(ژنە دەرگاوانی نەخۆشخانەکە ناوی ست فەریدەبوو، مامۆستای فیزیا بوو). بە داخەوە بەشێک لە ڕووماننووسەکانی ئێمە، لە کاتی دیاریکردن و پێدانی ناوی کارەکتەرەکان لە چیرۆک و ڕۆماندا،دەکەونە هەڵەی زەق و نالۆژیکییەوە. هەموو نەخۆشخانەکانی کوردستان بگەڕێیت، کارمەندێکی

دەرگاوانی نەخۆشخانەیەکی ولادە، نابینیتەوە بۆوانامە و خوێندەواری هەبێت، چ جای بگات بە مامۆستای فیزیا کە پسپۆرییەکی دەگمەنە. ئەمە نیشانەی بێ ئاگایی نووسەرانی ئێمەیە، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و میللی کۆمەڵگەی ئێمە، بە تایبەتی ئەوانەی لە هەندەران دەژین و لەوێوە، چیرۆك و ڕۆمان، لە سەر ژیانی کۆمەڵگەی خۆیان دەنووسن.
*لا45نووسیویەتی:(شووی کردوودووومانگی نەبرد، گوتی سگم هەیە وحەزدەکەم کچم ببێت).ناکرێت نووسەرێك هیچ لەبارەی ژیانی دووگیانی و لایەنی فسیۆلۆژی ژن نەزانێت، کەچی باسی بکات. ئاخر تا سەرووی سێ مانگ، نیشانەکانی دووگییانی هەر هەستیشی پێ ناکرێت، کەچی ڕۆمانووس نووسیویەتی کەمتر لە دوومانگ. *لا45نووسیویەتی:(تا ساڕێك پەڕێ و لافیتەی ڕەشمان و لە دیوارەکە نەکردەوە). بە مەرجێك هەموو پرسەیەك لە کۆمەڵگەی کوردی، تەنها هەفتەیەك دەخایەنێت.
*لا55نووسیویەتی:(براکانم لە ژووری حەمام گلۆپیان لەسەر دەکوژاندمەوە،ئاوی گەرمیان لێدەگرتمەوە،شامپۆکانیان پێدەکردم لە دۆشاوی تەماتە،میزیان بە پێلاوەکانم دەکرد،تەباشیریان بێ لە جێی سووراوەکان دا ئەنام،مشکی تێپیویان دەخستە نێو گیرفانی جلەکانمەوە)من دەزانم، پیاوی کورد زۆرینەیان چەند دڕەق و نامیهرەبانن بەرامبەر بە خوشك و هاوسەرەکانییان، بەڵام ئەو هەموو زیدەگۆییە لە وەسفکردنی دڕەقی برایەك بەرامبەر بە خوشکەکەی، نە هونەرییە و نەبابەتی،بەکو ئامانج لێی تەنها درۆکردنەوەی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەیە. سەیر لەوە دایە، ئەوێ برایە کە بەم شێوەیە ئازاری مەحبوبەی خوشکییان داوە، بە قەولی ڕۆمانووس هەریەکەیان کادیرێکی دیاری حزبێکیش بووە!. لە کاتێکداکادیری، هیچ نەبێت پلەیەکی بەرزی هوشیاریی و سیاسی و هزرییە، ئەگەر کەمیش بێت. *لا75:(ئەگەرچی نەخۆشخانەکەی دکتۆرە نازەنین،چەندین نهێم بووەو نهێمکی شاراوەشی بێ لە باربردنی منداڵان هەبووە، هەمیشەش جمەی هاتووە، کەچی بە گوێرەی ئەوەی ڕۆمانووس لە(لا75) نووسیویەتی، تەنها(3)دکتۆر(5) پەرستاری هەبووە!.
*لا78نووسیویەتی:(ئەو منداڵە، هی ئەو مردە سەر زلەمە، خۆزگە پیاوەکە هینەکەی تۆز زل بووایە،دکتۆرە نازەنینیش لە بەر پێکەنین قسەی بێ نەکراوە).ئەگەرچی ڕۆمانووس، گوایە لەو ڕۆمانەیدا شکێ بێ ژن دەگۆڕتەوە، وەلێ هەر خێی شکێی ژنی شکاندووە، کاتێ هەموو خواستەکانی چووکێکی گەورەی پیاوان کورتکردوونەتەوە.لەو نامۆتریش ئەوەیە، کە دکتۆرێکی ژنیش لەگەڵ ئەو بۆچوونە دابێت و پێ بکەنێت.ئەمە ئەو تێگەیشتنە میللی و خڕاپکییەم بیر دێنێتەوە، کە پیاوبوون بەچووك پێوانە دەکەن!. *لا83:(لەو لاپەڕەیەدا، ڕۆمانووس کاتێ باسی ئەوەمان بێ دەکات کە دکتۆرە نازەنین و مەحبوبە دەچنەوە

ماڵ بۆ ئەوەی پەساپۆرتەکەی مەحبوبە بۆنن) بە شێوەیەك گوزارشت لەو چوونە دەکات, کەژار نابابەتی و نازمانەوانییە.چونکە دیمەنەکە، لە ئەکشنی فلمێکی کۆمیدی دەچێت!
*لا91نووسیویەتی:(مامە دکتۆرکامەران گوتی من دەچم پۆلیسێك هەڵدەبژێرم و گرێبەستی لەگەڵ دەکەم لە لقی پۆلیس). ڕۆماننووس وادەزانێت سپاردنی ئەرك بە پۆلیس، بە هەڵبژاردن و دیاریکردنە، نەك ڕۆشوێنی یاسایی و کارگێڕی، پۆلیس هێزێکی فەرمییە و نیشانەی هەبوونی دەسەڵاتە. ڕۆماننووس خۆی لە دەرەوە دەژیت و زۆر باش لە ئەرك و پێگە و دیدی هاووڵاتییان بۆ پۆلیس دەگات، ئیدی دیاریکردنی ئەرکی پۆلیس بەو شێوە سادە و هەڵەمەکییە نییە، وەك ئەوەی ئەو باسی دەکات!. *لا88نووسیویەتی:(دکتۆرو سستەرەکان،بە بینینی ئەو کوانە،(واتا سۆ براکەی نازدار)تووڕەبوون و مقەست و پەڕۆی خوناویی وجیهازی زەخت ومەمك مژە و دایبابیان تێگرتوون). ئەو هەڵوێستانەیان لە نێو نەخۆشخانەکە کردووە. ڕۆماننووس بیری چۆتەوە، پزیشك دەبێ چ جۆرە کەس و مرۆڤێك بن. ئاخر ئەم هەڵوێستانەی ڕۆماننووس داویەتییە پاڵ پزیشکەکان، لە کردەوەی منداڵان دەچن.
*لا97نووسیویەتی:_(براکانت ناخۆشییان کردووە هەر ڕۆژەی جارێکی نەخۆشخانەکە دەشکێنن).
*لا124(دوای ئەوەی سۆ براکەی مەحبوبە، بە بەنزین نەخۆشخانەکە دەسووتێنن و ئاگری تێ بەردەدەن، دکتۆرە نازەنین دێت سەیری نەخۆشخانە سووتاوەکەی دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە شوقەکەی، دووش دەکات!وەك ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت.
*لا125نووسیویەتی:(سەیرە دەم و چاوی خۆیان نەشاردۆتەوە). نازانم ئەگەر کەسێك مەبەستی بێت تاوانێك ئەنجام بدات، چۆن دەم و چاوی ناشارێتەوە. هەنگە ڕۆماننووس وابزانێت ئەوانەی لە کوردستان شوێنێك دەسووتێنن، زۆر بە ئاسایی ئەو کارە وەردەگرن و دەیکەن.
*لا126نووسیویەتی:(سۆ براکە، وا جوان سەیری کامڕای چاودێری دەکەن، دەڵێی وێنە بۆ پەساپۆرت دەگرن). بەمەرجێك ئەو کاتە، کاتی سووتاندنی نەخۆشخانەکەیە.ڕۆماننووس نەیتوانیوە گوزارشت لە دۆخی سایکۆلۆژی تاوانبارێك بکات، ئەو ساتەی تاوانێك ئەنجام دەدات.
*لا:_126(کاتێ ئەفسەری پۆلیس دەچێت بۆ گرتنی سۆ براکە لە دوای سووتاندنی نەخۆشخانەکە، پێیان دەڵێت: خۆتان شوشتبا، بۆ ئەوەی بۆنی بەنزینتان لێ نەیەت). ڕۆماننووس لێرە، چ ڕۆڵێکی کاریکاتێری بە ئەفسەرانی پۆلیس داوە. ئاخر ئەگەر تاوانبارێك تاوانێك بکات، دەچێتەوە ماڵ و بە ئاسانی لێی دەخەوێت؟!.ئەفسەری پۆلیس بەو زمانە میللی و نافەرمییە لەگەڵ تاوانبار دەدوێت؟!.
وێرای ئەمانەش، خاڵێك کە بە پێویستی دەزانم باسی بکەم ئەوەیە، کە

به درێژایی ووداوەکانی ماناکە، ماناووس نەیتوانیوە لە کارەکتەرەکان بە پێی ئاستی تێگەیشتن و هوشیاریی کەسی وپەروەردەییان وازی بکات. بە درێژایی ماناکە، کاتێ سەرنج لە گفتو گۆو دیالۆگی نێوان دکتێرە نازەنین و نازدار دەدەین، کە دووکارەکتەری سەرەکی ماناکەن، هەست ناکەین لە بەردەم گفتوگۆی نێوان پزیشك و ژنێکی قوربانی و لاقە کراوداین. بەڵکو واهەست دەکەین، لە بەردەم گفتو گۆی نێوان دوومندا و دوو هەرزەکارداین، کە هیچ هونەرێکی بیرکردنەوە و دەربڕینی قسە نازانن.چونکە ئەوەندە قسە و گفتو گۆکان، کۆمەدی و نابابەتین. بە داخەوە ئەمە گرفتی بەشێکی زۆری ماناووسەکانی ئێمەیە، کە ناتوانن لە پێگە و ئاستی کەسەیتییەکان، لە میانەی گفتوگۆانەوەی ووداوەکان بگەن. کاتێ کارەکتەرێکی(پزیشك)مان هەیە، ئەوا دەبێ ئەو کارەکتەرە وەك پزیشکێك قسە بکات و هەڵسوکەوتەکەی ببینێت. ناکرێ کارەکتەر نەخوێندەوار بێت، کەچی وەك هووناکبیرێك قسە بکات.بۆنموونە: مەحبوبەی نازدار، کە دەستدرێژی کراوەتە سەرو منداڵێکی بێ باوکی لە زگدایە، بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکات و قسە دەکات، وەك ئەوەی هیچی لێنەکرابێت. لە کاتێکدا قوربانییانی دەستدرێژی سێکسی، دەکەونە دۆخێکی دەروونی دژوارەوە و شۆکێکی هێندە گەورە دەیانگرێت، کە توانای هیچ کارو چالاکییەکی ژیانیان نامێنێت. نامێ دەبن و دەووخێن، زۆرینەیان بیر لە خێ کوشتن دەکەنەوە. لە کۆمەگەی ئێمەدا(کە ماناووسیش لە شەربەتی ترسدا مەبەستی کۆمەلگەی کوردییە) ژنان بەو حاڵەتانە، دەکەونە گۆشەگیری و داووخانێکی گەورە. زۆرینەیان لە بەر توانجی خێزان و کۆمەگە خێیان دەکوژن. کەچی سەیر لەوە دایە، دواجار دکتێرە نازەنین زۆر بە ئاسانی بە نازدار دەڵێت:(تێ دەتوانی بڵیتەوە ناو خێزانت.لا136). ئەگەر کەسێك ئەو ووداوە تراژیدیەی بینیبێت، دەتوانێ سووك و ئاسان، ئیدی ژیان بکات؟ بەتایبەتیش لە کۆمەگەیەکدا کە هەموو شەڕەف و پێگەی کۆمەایەتی و خێزانی و میللی و کەسی، لە جەستەی ژن و لە جەستەشیدا، لە شوێنێك دەیبینێنەوە!؟. دواجار دەڵێم، بەرلە بڵاوبوونەوەی ماناکە، لە چەندین شوێن، هەواڵی نووسین و بڵاوکردنەوەی ماناکە(شەربەتی ترس)م بیست. بڵیە وەك خوێنەرێك، بە تاسەیەکی زۆرەوە لە هەوڵدابووم ماناکەم دەست بکەوێت وبیخوێنمەوە. وەڵێ کاتێ لە خوێنەوەی بوومەوە، بەر شتێکی پڕچەوانەتر کەوتم.لە وانگەی منەوە وەك خوێنەرێك، شەربەتی ترس، لە ماکی نووسەرێك ناچێت کە ئەزموونێك و تەمەنێکی لەگەڵ ژانری چیڕك و گۆانەوە هەیە، بەڵکو لە ئەزموونی کەسێك دەچێت، کە تازە نووسینی ماکان تاقیدەکاتەوە و ئیدی هەر مەبەستییەتی شتێك بنووسێت

و بیگ□□ته‌وه. به ب□ ئه‌وه‌ی شاره‌زاییه‌کی ئه‌وت□ی له بینای هونه‌ری □□مان هه‌ب□ت. له‌ده‌یان شو□نی □□مانه‌که، به‌داخه‌وه به‌ر ب□چوونی نابابه‌تی، گوزارشتی ک□م□دی و گا□ته‌جاری، و□ناکردنی هه‌زه‌لیانه ده‌بینه‌وه. من خ□زگه‌م ده‌خواست وه‌ها نه‌بووایه، ول□ واقیع شت□که و خ□زگه‌ش شت□کی تر!.

*په‌راو□ز:_ شه‌ربه‌تی ترس، □□مان، نووسینی: ئارامی کاکه‌ی فه‌لاح، ب□اوکراوه‌ی: ناوه‌ندی □□شنبیری □ه‌هه‌ند_سل□مانی 2019…

له کاره‌ساتی ئه‌نفالی ش□خ وه‌سان و بالیسان خوشکه گه‌وره‌که‌م وه‌ك پا□ه‌وان ده‌رکه‌وتووه

ئ□م چیرو□کو□ م□گ□ر هه□ر له فیلم□ خ□یا□یه‌کانی هه□لیو□د هه□ب□ت هاوکار عه‌بدو□□ا ش□خ وه‌سانی

دوای ئه‌وه‌ی 16/4/1987 گوندی ش□خ وه‌سان به سه‌ختی ب□ردومان کرا، له‌م کاره‌ساته ده‌یان شه‌هید و بریندار□کی لی‌که‌وته‌وه. خ□زانی ئ□مه یه‌ک□ك بوو له‌وانه‌ی که خودا ده‌رووی خ□ری ل□کردینه‌وه و به کیمیابارانه‌که نه‌مردین، به□ام ز□ر به سه‌ختی بریندار بووین. من که ئه‌وکات ته‌مه‌نم چه‌ند مانگ□ك ده‌بوو کیمیابارانه‌که ز□ر کاری ل□م کربوو، به ج□ر□ك هه‌موو گیانم سوتابوو دایکم هه‌موو کات به چاوی گریان ب□م ده‌گ□□ته‌وه و ده□□ت: "من دامنابوو که ت□ سه‌د له سه‌د ده‌مریت، به□ام له‌به‌ر گه‌وره‌یی کاره‌ساته‌که غه‌می مردنه‌که‌ی ت□مان نه‌بوو وه‌ل□ غه‌می گه‌وره‌مان ئه‌وه‌بوو که ت□ ده‌مریت و پارچه‌یه‌ك کفن نییه پ□ت بشارینه‌وه" نامه‌و□ زیاتر باسی چیر□کی خ□م بکه‌م، چونکه له سا□انی □ابردوو باسم کردووه، به ناونیشانی (منداو□ك ده‌مر□ت کفن ده‌ست ناکه‌و□ت). له‌م سا□یاده‌دا به ده‌رفه‌تی ده‌زانم باسی چ□نیه‌تی □زگاربوونی خ□زانه‌که‌م بکه‌م له ئه‌نفال.
دیاره ئه‌وانه‌ی به بریندار□کی مانه‌وه له گونده‌که ب□ □□ژی دواتر واتا 17/4/1987 به تراکت□ر و پاس به‌ره‌و □انیه و شه‌ق□اوه گواستراونه‌وه. خ□زانی ئ□مه و خزم و که‌سه‌کانمان یه‌ک□ك بوون له‌و خ□زانانه‌ی له

قافڵەکەی ئانیەدا بووین. کاتێك دەگەین بە ئانیە دەبڕنە نەخۆشخانەی گشتی ئەم شارە، تەندروستی هەموومان لەوپەڕی خراپی بووە، تەنیا برایەکم کیمیاباران زۆر کاری تێنەکردبوو ئەویش کاك (سەعدوڵا) بووە، پیاوێکی ئانیەیی کاتێك لە نەخۆشخانەکە بە هانای بریندارەکان دەچێت زۆری لا سەیر دەبێت تاکە منداڵێك لە نێو بریندارەکان کە هیچ ئاسەوارێکی ئەم کارەساتەی بەسەرەوە نییە، (کاك سەعدوڵا)یە، بۆیە داوا لە دایکم دەکات کە ئێگای بدات ئەم منداڵە لەگەڵ خۆی بەرێتەوە بۆ ماڵەوە لە ئانییە، کاك سەعدوڵا کە تەمەنی حەوت ساڵ دەبێت ئەگەرچی زۆری پێ خۆشدەبێت لەگەڵ ئەم پیاوە بێگانەیە بەڵام بەکو نەجاتی بێت لەم حەشامات و هاواری بریندارەکان بەڵام دایکم سەرەڕای بریندارى و شەکەتی زۆر بە تۆندی ئووبەووی کابرای ئانیەیی دەبێتەوە و پێی دەڵێت "ئەم منداڵەشم سائیری منداڵانی ترم، ناهێڵم لەگەڵ خۆتی بەریت"
دواتر سەرجەم بریندارەکان بە پاس بۆ هەولێر نەخۆشخانەی (کۆماری) دەگوازرێنەوە، خوشکە گەورەکەم (حەلیم خان) ئەوکات ساڵێك بوو شوی کردبوو، ماڵیان لە قەزای شەقڵاوە بوو، کاتێك هەواڵی ئەوەی پێدەدرێت کە شێخ وەسانان کیمیاباران کراوە و سەرجەم بریندارەکانیش بۆ هەولێر گواستراونەتەوە، ئاگر لە دەروونی بەردەبێت و دەڵێت هەر چۆنێك بێت دەبێت خۆمیان بگەیەنمێ و لە حاڵیان ئاگاداربم، لەبەرئەوەی مێردەکەی فڕاری عەسکەری دەبێت ئەو ناتوانێت لەگەڵی بێت بۆ هەولێر بۆیە داوا لە شوبراکانی دەکات کە بە خڕایی بیگەیەنە هەولێر. حەلیم خان لەگەڵ دوو لە شوبراکانی دەچن بۆ هەولێر، دوای پرسیارکردن بۆیان دەردەکەوێت کە بریندارەکان هەموویان لە نەخۆشخانەی کۆمارین. بۆیە بە پەلە خۆیان دەگەیەنن بەم نەخۆشخانەیە، حەلیم خان کە دادەبەزێت لە ئۆتۆمبێلەکە بۆ ئەوەی گوێ بە هەزە ئەمنییەکان و پۆلیسی نەخۆشخانە بدات کە ئێگری زۆری لێ دەکەن بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئینکاری ئەو وا لە هەزە ئەمنیەکان دەکات ئێگای پێ بدەن و بچێتە ژوورەوە.
کاتێك هەموو قاوشەکانی نەخۆشخانە دەنێت هیچێك لە خزم و کەسەکانی خۆی نادۆزێتەوە، حاڵی دەروونی یەکجار پەرشان دەبێ، بۆ ئەمەل دەبێت لەوەی کە خزم و کەسەکانی ماون، بەڵام لە پێ پاسێك دێت تەواوی خزم و کەسەکانی تێدایە، هەر زوو لە سستەرێکی نەخۆشخانە دەپرسێت کە ئایا چارەنووسی ئەم بریندارانە چی دەبێت لێرە؟ سستەرەکەش پێی دەڵێت ئەگەر ماڵی خزمەکتان لە هەولێرە خڕا بیانگەیەنە ئەوێ چونکە مانەوەیان لێرە مەترسییە و بۆیارە بگوازرێنەوە بۆ شوێنی نادیار. حەلیم خان کە ئەم قسەیە لە سستەرەکە دەبیستێت هەوڵدەدات کارەکانی خڕاتر بکات. ئیتر دەست

دەکات بە گواستنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی و خزم و کەسەکانی بە هەزار حاڵ بەڵ بن پەرژینە تەلبەکانی نەخۆشخانە، جاری یەکەم هەموویان دەگوازێتەوە، بەڵام هێزە ئەمنیەکان پێی دەزانن دوای ئەوەی زۆر بە دڵنیانە دەکەونە گیانیان بە لێدانی قامچی و سێندە بە نێو نەخۆشخانە بە زۆرە ملێ هەموو بریندارەکان دەگەڕێنەوە و هەڕەشەش لە حەلیم خان دەکەن کە ئەم کارە مەترسیدارە نەکات ئەگینا ئەویش گیانی دەکەوێتە مەترسی و لەگەڵ بریندارەکان ڕاپێچی دەکەن. بەڵام حەلیم خان نەك هەر گوێ بە قسەی هێزە ئەمنیەکان نادات، بەڵکو بەم قسەیە سورتری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم بریندارانە ڕزگار بکات. بە هاتنی مەغریب و تاریك داهاتنی .شار یارمەتی دەردەبێت کە دووبارە بە دەیان فڕۆ دەیاندزێتەوە، خۆشبەختانە ئەمجارەیان سەرکەوتوو دەبێت لە دزینەوەی بریندارەکان، حەلیم خان ماڵی دایکی و بەشێك لە خزمەکانی بە سەرکەوتوویی لە نەخۆشخانە ڕزگار دەکات. بە هاوکاری شوبراکانی خۆرا چەند ئۆتۆمبێلێك بەکرێ دەگرن و دەچن بۆ ماڵی خزمێکمان بە ناوی (حاجی فەقێ شێخ وەسانی)، دوای شەوێك مانەوەیان لەم ماڵە، بە شێوەیەکی نهێنی دەمانگوازنەوە بۆ شەقاوە ماڵی خوشکم وەك باسدەکرێت لە شەقاوەش تا ماوەیەکی باش بە نهێنی دکتۆریان بۆ هێناوین، تەنانەت نەیانهێشتاوە هیچێك لە منداڵەکان لە ماڵ بێنە دەرەوە چونکە کاریگەری کیمیاوی بە زەقی بەسەر دەم و چاومان دیار بووە.
سوپاس بۆ خودا کە ئەگەر خوشکە گەورەکەم نەبووایە ئێستا ئێمەش لەو سەدان ئەنفالکراوانە دەبووین. بەداخەوە ئەو بریندارانەی نەتواندرا بدزرێنەوە، سەرجەمیان ئەنفالکران و دواتر لە بیابانەکانی عێراق زیندەبەچاڵ کران.

ئا ئەمە بوو چیڕۆکی حەلیم خانی پاڵەوان، دەزانم ئەم چیڕۆکانە تەنیا لە فیلمە خەیاڵەکان دەبیندرێت.

تێبینی: وێنەکێ خێکی گوندی شێخ وێسانێ کاتێک بۆ پاس دگوازرێنەوە بۆ هۆلێر
هاوکار عەبدوڵا شێخ وەسانی

پەروەردەمووچەک لە زیندانی فین دا … عیسا بەتانی

لەو نەبووم بە ورشەی با بەم
بە فڕاندمت،
بە گرمەی هەور بەم
بە دەستت خستە بینەقاقای هەم و
گریاندمت…
بریا لەو بام
تا بە لرفەی باهەز بەم
بەدەنگ … بەدەنگ
هەسپەک دەیەو بحیلێنە
نایەو جلەوی شەکا
بە مشتە ئالیک سازش کا؛
نایەو ببتە چیەک و بەسەرهات،
ببتە گژلووکەی غارغارینی ئەو دنیایە
بە ڕەی نەجات.
))چەندین سەو کەوتنە سەبتە
ڕەشن بوو ڕەی دز و چەتە
لە کوێیە، کوا ڕەگای نەجات؟
وا لەتەمتومانی نەهات!.
★★★
وێنای کرد،
نەخشاندی قەڵەم…
هەشتا سیکەی لە گوچکەمدا دەزرینگێت و
زایەڵەیە،
چەن دروستبوو لە ناخمدا
ڕەگای ئەو خەمە گەورەی،
دەست لە خەت خەتینی بەهوودە هەگرە
چەن بە حوزن دەڵەی بژیە
بە خەندە دەڵەی بمرە.
((نووکی قەڵەم
بکەشە هەرچی دەموە؛
فریام کەوە من بە پەلەم)).
★★★

نە هەور هەڵتدەگرێ
نە با،
نە زمانی بەسەیەک
نە بۆنی عەتر،
نە بەرماڵێک لە نزا و
لە نەسلی چەتر…
هەزار کەشک و باڵەخانە
ناکاتە جێپەی خونچەیەک
لەنێو بەهەشتی ئینجانە…
بە جە و ڕەم
لەم دەڤژە پرسیار
حەرف لە دەستمدا بەتە مار؛
لە حوبردا خنکاوم من
بکەشم نەخشە و هەڵکاری،
شوێنکی شیاو داتاشم
بە خەم بیکەمە دیاری.
((پێشوو لە دنیادا بە ماڵ
ئێستا خاوەنی گشتم و دایم عەوداڵ)).
★★★

سەرم پێ بوو
لە تنکی راز و کەلام؛
لەوساوێ نوقمی گومانم
وەهم بەدوای سەدان وەهام.
بۆچی هاتی؟
تامەزرۆی تینوەتی بشکێنی؟
یان ئێشکی من
وەکو ئاورینگ بەسەر خەدا ببارێنی؟
ساتک لەڤژی کارەسات
لەبری خەر
شەپەی هاروهاج هەڵات؛
لەوساکەوێ تاکو ئەمڕۆ
پێچرام لەنێو تابووتی ئاو
من بوومەتە نێچیر و راو؛
بوومەتە خەمەشی جەنگ
نەوک نەهەنگ.
((لەو ڕۆژەوێ کانیلێ و چەم

بۆ هەوراز و گرد و دۆڵن،
بۆ ڕەچەڵەک نەوەی زەریان
کەچی مات و بێ شوێنن)).
***
ئاااااااای چیم کرد؟
کاتێک لە ناوەڕاستی زەریادا
گۆڕام بەدوای دوندی چیا،
زۆر هەڵشاخام
لە هەورازی شوێنکان تا دامێنی…
جیا لە ڕۆژ مەرجان
پێش هەورەکم نەبینی…
لە بەرامبەر شکۆی چیا
بەنی نەرگزجاڵ و مەرگی گیا
چیم گوت وەها دەنگم ون بێ؟
لەو ڕۆژەدا وەکو ماسی
غەرزی ژینم لەنێو گۆڕاو
سەراوبن بێ.
گوێ لە گەرانی هەڵدێر بگرێ
تاکو قاچت هەڵخلیسکێ
پاشان بە ڕاسپاردەیەک بمرێ…
((هەبوو نەبوو؛
پێش ئەوەی نیشتمان هەبێ،
چیا هەبوو)).
***
دەمویست هەوا لە ئامێز کەم
پێموچی ئەو سیمرخی لە فڕیندا بەجێماوە
وەکو سواری سەر پشتی ئاو
نەفڕێت و بڵادا بێ،
بە مشتکی پێ لە چرا
لە تاریکیدا گەوزابێ؛
بە ئاسمانکی بە نیزەک
بیکەموە بە باوەشێن…
کەچی گوتت:
ئەڕێ زبەدانی فڕینێ
نەک پێ و باڵ
ئەڕێ وەرانی پیربوونێ
نەک هی تەمەن و

مانگ و سا؛
گەستانی نوورە ئەرە
نەوک جەپرسەی ئەستەرە.
((ئەو لوورەی لەدایکبوونە
بە جیهانی پە ژاوەژاو ؛
سەراخی ئەستەرەی ونبوو
لە ئاسمانکی بە هەتاو)).
***
لەو سەحرایە
بە خەیالی گەیدەیەک
نیگا مەنەرە بە ئاسمان،
چاو داخە لە ئاست شەوەزەنگ؛
با خەر شەرم نەکا لە شەبەنگ…
وەک پەروانە
تا رووناکی هەدەگەتەو لە ئاسە
مانگ… مانگ، مەژمەرە؛
تەمەن بە ئاگر مەسپەرە…
ئیتر بەسە
بیکەو گرەی چارگی ئەو فەزایە
چیتر مەە لە ئەلفابەی خەلیقەتدا
ئەستەرەکان
چاویان بەیەکدی هەنایە…
بەر لە بارانی تریفە
ریزەک گەپی رەنگاوەنگ
بکە هەگری بینایی
با بەفر لە بەسە نەسوە
ببەتە پەرچووی کەتایی،
((بەشومار رەژ و مانگ هاتن
تەمەن هەتا سەر گەوگا،
رەی هیچ وەرزەک بەدی ناکەم…
دەستم بگرە بمبەوە ماە)).
***
دوا یارییە
بەبەهایە؛
کوا هەوەنی شەرەفمەندی و
مەیینی مەراقی گەرد و تاوان…
هاوکەشن لەتای تەرازوو

پەکەنین و قوپی گریان…
پەلکەزێنە ناسکە
رەنگەژ بکا دنیای جوانی،
بە خەندە کەس دەخەش نابە
راونە خەم و نیگەرانی…
ئا ئەمجارە
لووتکەی جودی سەما دەکا
دەبەتە هەسپی بە لغاو؛
دەریا دەخنکە لە کەشتی
گەە نامێنە بە تەرمی ئاو…
نە درەخت و نە هەلانە
بە جریوە پەناگە نین،
پاساری دەم ناکاتەوە
لەی دابارە گەزەی شیرین…
بە لەمودوا گەەای دارسەو
هەەناوەرە بەسەر خیاە
هەموان گیردەی تەنیایین
لە ئاسمان ناوە پەە و باە.
لەتەک پەنجەرە نامێنە
نیگا رەچە لە فەنابوون؛
ها دیدە دروشایەوە
پەشکاندی تاریکووون….

عیسا بەتانی
26ی 12ی 2019

حزبـــه پیـــره هەرزەکارەکـــانی کوردستان، بە وادەکەن؟ … عیماد

عەلی

شتێکی سروشتیە کە قۆناغەکانی عەقڵ و فام کردنەوە لای تاك بێت یان کۆمەڵگە و شارەزایی پەیدا کردن و ڕەفتاری مەعقوڵ، ماوەیەکی دیاریکراوی دەوێت و، بە گشتی لە هەموو شوێنێك و زەمینەی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و میژوویی و جوگرافی کاریگەریەکی خۆیان هەس لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام تێکرای ماوەی باڵغ بوون لە هەر ڕەگەزێك و لەهەر کۆمەڵێك بێت نزیکە لەیەکتر و جیاوازەیکی ئەوتۆی نابێت.
ئەمە ئەگەر بۆ زیندەوەر و مرۆڤ بە تایبەتی شتیکی زانستی حاشاهەڵنەگربێت، لە هەمان کاتدا بۆ پیکهاتە و کێی کۆمەڵگە و ڕەگەز و توخمەکانی تریش جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە. لەو نێوەندەشدا بۆ دەزگا و ڕێکخراو و حزبیش، ناوەرۆك و ڕەفتار و بیرکردنەوە ؛ واتا فەلسفە و ئامانج و شیعارو ڕێباز و عەقڵیەتی سەرکردایەتیی پێکهاتەی سیاسی و مەدەنی هەقوڵاوی ئەو زەمینەن کە تێیدا لەدایکبوون.
ئەوەی پارادۆکسی گەورەی تێدا بەدیبکرێت، تەنها لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدایە و، بۆ بەدبەختی ئەگەر کورتی بکەینەوە تەماشا دەکەیت کوردستان لەو نەخۆشیانەدا تەنیوە کە تەنها زیانەکانی بۆ گەلی کورد دەبێت نەك تاکی سەرکردە. خەڵك گەورە دەبێت، شارەزایی پەیدا دەکات و سەنگین دەبێت و ڕەفتاری بە حساب و ورد دەبێت و بۆ هەر هەنگاوێکی ستراتیجی هەزار و یەك توێژنەوە و دراسەت دەکات.
حزبەکانی لەمەڕ خۆمان، ئەوە باسی ژووری لێکۆڵینەوە و دراسەت و تیۆریزانی و ڕەفتار و فەرمانی کاری ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە و تەنانەت دەیەیەکیش لێك جیاناکرێتەوە و لە عەقڵی کەسێك یان کۆمەڵکی دەستڕیشتوو یان بنەماڵەیەك قڕخکراوە، بۆیە هیچ لات سەیر نەبێت ئەگەر ئەمڕۆ سۆشیالیستی بن و سبەی بە قودرەتی قادرێك بگۆڕێن بۆ سەرمایەداریەکی ڕووت یان لیبراڵیزمێکی نوێ، ئەمە بە قسە و بۆ زەمینەی لەبار. یان ئەمڕۆ نەتەوەییانە بیر بکەنەوە و سبەی ئومەمی بن و تەنانەت دان بە سنوری وڵاتانیشدا نەنێن (ئەوان وادادەنێن مەبەستیان بەرژەوەندی مرۆڤایەتیە !!).
تا دوێنی یەکپارچەیی کوردستان خاڵی سەرەکی و چوغزی بیرکردنەوەی هەردوو حزبی دەسەلاتداری پیری ئاخرشەی کوردستان بوو، ئەمڕۆش باس و خواستی دوو ئیدارەیی و خەزاندنە باوەشی بێگانە و ژێردەستەیی دەسەلاتی ناوەندی عیراق دەکەن. لێرەدا حەقی هەمووانە کەبپرسن:

1- بۆچی حزبەکانی کوردستان هێمن و پر مەعریفەت و زانایانە بیر ناکەنەوە و رەفتار ناکەن؟
2- بۆچی لە نێوان شەو و رۆژێکدا لە هەر بوارێکدا بۆت 180 پلە دەگۆڕن ؟
2- بۆچی لە مێژووی کوردستاندا سەرکردایەتیەکی شارەزا وبلیمەت و بەواتا سەرکردەی نمونەیی بەدیناکرێت کە هەموو کەس شایەتی بۆ بدات؟
4- بۆچی حزبی راستەقینەی هەقوڵاوی نێو گەمەگە و خوێنەری واقیع و بەرژەوەندەیکانی میلەت نەهاتۆتە ئاراوە؟
5- بۆچی هەمیشە بەرژەوەندیە کی بچوکی کەسیی بۆت یان حزبی لەسەروی هەموو بەرژەوەندیەکانەوە بووە؟
6- ئایا خەتاکە نێوخۆیی و کەسی و کۆمەگەییە یان تەنها دابەشکاری کوردستان و زۆم و ستەمی داگیرکەران و هەست بە کەموکورتی میلەت بە گشتی لەم بارەدا وەکو بارودۆخی بابەتی رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە؟
7- بۆچی کورد وا بۆ سەرکردە بۆت و کەسایەتیەك دەرنەکەوێت بەدوور لە نەرجسیەت و تەنها بە بیکردنەوەی حزبیانە و تەکتیکی رۆژانە نەبۆت هیچ رەفتارێکی دراسەتکراوی لەمەڕ پرسە سەرەکی و چارەنوسسازەکان نەبۆت؟
8- حەقمانە بپرسین، بۆچی بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، ئەگەر تەمەنیان بگاتە سەد ساڵیش باڵغ نابن و هەر حزبی رەفتار هەرزەکارانەن و ستراتیج و تەکتیك تیکەڵ دەکەن و ، لای ئەوان پرنسیپی حزبی و بۆچونی کەسێتی و بنەماڵەیی جێگەی فکر و فەلسەفە و بەرژەوەندی باڵای میلەت گرتۆتەوە؟ !!
ئەگەر بە وردی ئەم چەند رۆژەی دوایی و کێشەی زینی وەرتی بخوێنیتەوە و قسەی سەرکردایەتی وبنکردالیەتی و بەتایبەتی خاوەن دەسەلات و دەستڕیشووەکانی هەردوو حزب بخەیتەبەرچاو کە چۆن لێدوان دەدەن وچی دەوترێت دەربارەی چارەسەر و مامەڵە لەگەڵ کردەوەیەکی بچوکی رۆژانەی ئەم کاتە ناسکەدا، ئەوا عەقڵیەت و بیرکردنەوەی سەرکردایەتی وکادری ئەم حزبە پیرە هەرزەکارانەت بۆ دەردەکەوێت.

دوو کتێبی دیکەی(سەدیق سەعید وەندزی) چاپ و بڵاو دەکرێنەوە

وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا، دوو کتێبی دیکەی سەدیق سەعید وەندزی چاپ بکرێن. کتێبی یەکەمیان بە ناوی **(لە سێبەری کتێبدا)**یە، کە خوێندنەوە و ڕانانە بۆ بیست و دوو کتێب، کتێبی دووەمیشیان بە ناوی**(کۆرنا)**یە، کەچەند کورتە وتارێك پەیوەست بە کۆرناو دیاردەکانی ژیان لە خەدەگرێت و لە ماوەی ئەو چەند هەڤژەی کەرەنتینە وقەدەغەی هاتووچۆ،نووسراوە.

دواین فەسڵی بەهەمبوونی جورج ئەنوەری حاجی خدر نامۆ …

(ئەم شیعرە وەک نامە لەسەر شیعری شاعیر نەوزاد بەندی :لە کۆتایی تەمەندا ..ئینجا …)

هەنگاوی چی برا
٣٠ ساڵ زیاترە
قاچیان کردە تیرەك
دایانە دەست ئاغای دەڤەری بارزان
یان هی خیوەتەکی نەو عەلی تاهەبان.
لەجیاتی پیتی نازك
دەیان بە کرد
لە گوو
هەر پیشەیانە، جوانی وەرانکەن
ئەربابانی بەدخوو
خەراپەی بەچی لەدەگرم؟
ئا ئەمەیە کاکی کوردە
خە نە کافریشە نە جوو
لەبیرت بێت
(هەر قسەی عەمارپووی سی ساڵ)

قەزافی و حوسنی و بەشیری
خستە نێو چاڵ
ئەی مەردی حیسابیی، بە پیت و خاڵ
نەتبیستووە زوڵم لە ئەستووریدا
سەری خاوەنکەی دەخوا بە زمانی حاڵ؟
نا وانیە
هزر مەکە ئیتر تابلۆکە نانخشێ،
هەنگاوەکان لەردا دەپوکێنەوە،
ئەی هاوڕێی کۆنساڵ
دنیا بە
بە هیمەتی ئەم نەوەیەو بە نەوەی کۆن
ئەم ڤایرەسی یەکیەتی و پارتیە
دڵنەرین بە ئەو دوژمنەی بمانێ لە ناوی بەین
دەیانکەینە نێو قەدی هەر وەکو ڕۆن
ئائەمە بوو بڕیاری کوردایەتی و
هەر هەمووشمان باش دەزانین
قەد مۆم چۆن

ڕۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر.. ڕەزا شوان

ڕۆژی (٢٣/ ئەپریل)ی هەموو ساڵێک، بە (ڕۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر) لە جیهاندا ناسراوە.. ڕێکخراوی (یونسکۆ) ی جیهانی و هەموو دەوڵەتانی جیهان، بەم بۆنە گرنگەوە، ئاهەنگی گەورە و شایستە دەگێڕن.. کتێبخانە گشتییەکانیش پێشانگای تایبەتی بە تازەترین کتێبە چاپکراوەکان دەکەنەوە.. میدیا و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانیش، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەران و هاوڕێیانی کتێب و هەگرانی خوێندنەوە سازدەکەن.
هەر لەم ڕۆژەدا، کتێبدۆستان کتێبی تازە و گەڵ پێشکەش بە یەکتری دەکەن.. چونکە کتێب بە نرختترین و گرنگترین یادگارییە، گۆیش جوانترین دیاریی و گوزارشتە لە سۆز و ڕۆز و خۆشەویستی بە مرۆڤی بەرانبەر.. ئەم نەریتەش بە یەکەمین جار لەم ڕۆژەدا، لە

کتالۆنیای ئیسپانیا بوو بە نەریت و باو.. کتێبفرۆشەکان لەگەڵ کێبینی هەر کتێبێکدا، گوێگرەکی جوان و گەشیان پێشکەش بە کتێبکەرەکە دەکرد.. لەو کاتەوە بووە بە باو.
بەگەرمان کتێب و نووسەران، گرنگترین و گەورەترین رووداوی ئادەمیزاددا هەبووە و هەیە.. شارستانییەکان و پێشکەوتن و داهێنان هەموو لە سایەی بیر و خەیاڵ و کتێبەکانی نووسەراندا هاتوونەتەدی.. کتێب ئەقڵێکە لە نەوان رابردوو و ئەمڕۆدا، پردێکە لە نەوان رۆشنبیرییەکاندا. کتێب و خوێندنەوە دەماری ژیانی مرۆڤن.. ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا، تەکنەلۆژیا هەی خەرای مەدەرزمی هێناوەتە ئاراوە بە فەربوون وەرگرتن و خوێندنەوە، بەڵام گرنگی کتێب و چێژی خوێندنەوە لە کتێبدا کاتەوە نەبوونە.. وەک چۆن پێویستە لە هەموو ماڵێکدا، چێشتخانە هەبێت بە ئامادەکردنی خواردن، تا تێری خواردن ببین.. هەر بەم جۆرەش پێویستە لە هەموو ماڵێکدا، کتێبخانە هەبێت و بە کتێبی بابەت هەمجۆرە بیرازێنینەوە. چونکە خوێندنەوە خۆراکی پێویستی ئەقڵە و زاخاوی بیر و هۆشمان دەدات.. هەیکی گرنگی خوێشبیریکردن و زەر زانینە.

(تەماس جیفرسۆن) دەڵێت:"من ناتوانم بەبێ کتێب بژیم"

(جیلبێرت کیس تیشیسترۆن) دەڵێت:"ژوورێک بەبێ کتێب.. وەکو گیانەکە بەبێ ڕۆح"

(جان جاک ڕوسۆ) ش دەڵێت:"وا تێدەگەم، کە هەموو ئەو شتانەی دەیانزانم لە کتێبەوە فێریان بووم"
(مەلالا یوسفزای) پاکستانی، ئەو کچە منداڵە قوتابیەی، کە (چەکدارانی تاڵیبان) لە پاکستان تەقیان لێکرد و بریندارییان کرد، هەر لەبەر ئەوەی بە قوتابخانە دەچوو کە فێربێت و بخوێنتەوە، بەڵام کەسی نەدا و درێژەی بە خوێندن دا و هانی هاوەڵکانیشی دا کە کەنەدەن.. مەلالا یوسفزای لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا، لە ساڵی (٢٠١٤) دا، لەگەڵ (کابلاش ساتیارسی) کە پیاوێکی هیندیە، هەردووکیان چالاکوانی داکۆکیکەرن لە مافەکانی منداڵان و مرۆڤدۆستان.. پێکەوە بە هاوبەشی (خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی) یان پێ بەخشین.. مەلالا تا ئێستا بچووکترین براوەی (خەڵاتی نۆبڵ)ە لە جیهانەدا.. مەلالا لە وتارێکیدا، لە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وتی:
"با کتێب و پێنووسەکانمان بگرین بە دەستمانەوە.. ئەمانە بەهێزترین چەکی ئێمەن"
ڕێکخراوی یونسکۆی جیهانی (بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانیاری) کە

سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.. لەو کۆنگرەیەی کە لە ساڵی (١٩٩٥) لە لە شاری (پاریس) لە فەرنسادا بەڕێوەچوو، ڕۆژی (٢٣/ ئەپریل) ی وەکو (ڕۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر) ڕاگەیاند.. وەکو گوزارشتکردنێک لە ڕێزگرتن و پێزانین بۆ کتێب و بە ڕەنجی بەرزی نووسەران لە بەاوکردنەوەی زانست و زانیاریدا.
هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا، ڕۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، ئاهەنگ وچالاکی شیاوی پەیوەند بە کتێب و نووسەران سازدەکرێن و پێشانگای کتێب دەکرێنەوە و کەمپەینێکیش لە نووسەرانی ناسراویان خەڵات دەکرێن.
هەموو ساڵێکیش، هەر ساڵەی لە شارێکی یەکێک لە دەوڵەتەکان، کە لە لایەن یونسکۆ و ئۆرگخراوانەی، کە نوێنەرایەتی ئەم سێ کارتە دەکەن: کارتی خانەکانی چاپ و بەاوکردنەوەی کتێب، کارتی فرۆشیارانی کتێب، کارتی کتێبخانەکان، ئەو دەوڵەت و ئەو شارە دیاری دەکرێن و بەیاری لەسەر دەدرێن، کە لە ڕۆژی (٢٣/ ئەپریل) ەوە بە ماوەی ساڵێک ببێت (پایتەختی جیهانی کتێب) و هەر لەو ڕۆژەدا پێشانگای کتێبی لەدەکرێنەوە. بە یەکەمین جار لە ساڵی (٢٠٠١) دا، شاری (مەدرید)ی پایتەختی ئیسپانیا، کرا بە (پایتەختی جیهانی کتێب) و پێشانگایەکی گەورەی کتێبی لێکرایەوە.. ئەمساڵیش شاری (کوالالەمپور) ی پایتەختی دەوڵەتی (مالیزیا) دەکرێت بە پایتەختی جیهانی کتێب و لەو ڕۆژشدا پێشانگای گەورەی کتێبی لەدەکرێتەوە..
هەر لەم ڕۆژەدا و لەم پایتەختەدا، (خەڵاتی یونسکۆ) ش دەدرێت، بە نووسەرانی ناسراوی ساڵی ڕابردوو، لە بواری (ئەدەبی منداڵان) و بواری (ئەدەبی لاوان) دا.
شایەنی باسیشە، هەبژاردنی ڕۆژی (٢٣/ ئەپریل) وەکو ڕۆژێکی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر، هەبژاردنێکی هەڵەمەکی و لە خۆوە و بە بنەما نەبوو، بەڵکو هەبژاردنێکی هەڵەمایی و ڕەشنبیری و ئەدەبی و ڕەزلەنانی لە پشتەوەیە، کە سەنگیان لە ئەدەبی جیهانیدا هەیە.
لە ڕۆژێکی وادا، لە (٢٣/ ئەپریل/١٦١٦) دا، کە نووسەر و شاعیر و ڕەمانnوس و شانۆنووسی جیهانی (ولیام شکسپیر) کۆچی دوایی کرد، هەر لەم ڕۆژ و ساڵەدا بوو، نووسەر و شاعیری مەزنی ئیسپانی (میگیل دی تیبانتس) نووسەری سەرکەشیە ئەفسانەییەکانی (دون کیشۆت)، لە ڕۆژی (٢٣/ ئەپریل/ ١٦١٦) کۆچی دوایی کرد. هەر لەم ڕۆژ و مانگەشدا، چەندین نووسەر و شاعیر و ئەدیب و ڕەمانnووسی ناسراوی جیهانی، لەدایکبوون یا کۆچی دواییان کرد، لەوانەش: (مەریس درایەن، ئینگا گارسیلاسۆ دی لاڤیگا ، فلادیمەر نابۆکۆڤ، هاوەرک لاکسنس، جەزمت بلا، مانەیل میگیا فایگۆ،...) زۆریش گرنگام بە ڕۆژی لەدایکبوون یا کۆچی نووسەرێکی ناسراوی کوردمان لەم ڕۆژ و مانەدا،

تا لەردا ناویان بنووسم، بەرچاوم نەکەوتن.
هەموو ساڵێکیش رۆژە پێش (رۆژی جیهانی کتێب) واتە لە رۆژی (٢/ ئەپریل) دا، کە یادی لەدایکبوونی کەڵەنووسەری بواری ئەدەبی منداڵان، چیرۆکنووس (هانز کریستیان ئەندەرسین) ی دانیمارکییە، کە بە (باوکی ئەدەبی منداڵان) لە جیهاندا ناسراوە.. هانز ئەندەرسین، لە رۆژی (٢/ئەپریل/١٨٠٥) لە دانیمارک لە دایک بووە.. هەر دوو ساڵ جارێک، دانیمارک بە بۆنەی لەدایکبوونی هانز ئەندەرسین، لە رۆژی (٢/ ئەپریل) دا، دوو خەڵاتی بۆنرخ، کە بە (خەڵاتی ئەدەبی منداڵان) یا بە (خەڵاتی نۆبڵی بچووك) ناودەبرێت، خەڵاتەکانیش بریتین لە دوو (میدالیای زێڕ) و دوو (بڕوانامەی دیپلۆم)، لە لایەن شاژنی دانیمارک (مارگرێتی دووەم)ەوە، لە ئاهەنگێکی شایستەدا لە (کۆپنهاگن) ی پایتەختدا، دەدرێت بە باشترین نووسەری کتێبی منداڵان و بە باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی کتێبی منداڵان، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی رابردووداە.. گەرچی تا ئێستا بە فەرمی رۆژی لەدایکبوونی (هانز کریستیان ئەندەرسین) نەکراوە بە (رۆژی جیهانی کتێبی منداڵان). بەڵام دانیمارک و چەند وڵاتێکی تر، بە بەرزڕاگرتن و پێزانینی ئەو خزمەتە زۆر و گەورەیەی کە هانز ئەندەرسین پێشکەشی بواری ئەدەبی منداڵانی کردووون، لە ساڵانێکی لەدایکبوونیدا، کە بە رۆژێکی میژوویی و بە وەرچەرخانێک لە ئەدەبی منداڵان لە جیهان دادەنرێت، ئاهەنگ و چالاکی شایستە دەگەڕان. هانز کریستیان ئەندەرسین لە رۆژی (٤/ ئەوگوست/١٨٧٥) دا، لە شاری کۆپنهاگن کۆچی دوایی کرد.
بە بۆنەی (رۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر) جوانترین پیرۆزبایی لە سەرجەم نووسەران و هاوێیانی کتێب و لە خوێنەرانی کوردمان دەکەم.. هیوادارم زیاتر و زیاتر هەگبر و شەیدای خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامە و نووسینی کتێب ببین.. تا خوێندنەوە ببێت بە پەویستییەکی سەرەکی و بە بەشێکی گرنگ لە کولتوور و لە ژیانمان.. تا ئەو رادەیەی رۆژانە نەتوانین بەبێ خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامە هەبکەین.
دەبا عاشقانی کتێبی کوردیمان، هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا، بیکەن بە نەریتێکی باو، بە دیاری و بە یادگاری (کتێب و گوڵ) پێشکەش بە یەکتری بکەن.. منداڵەکانیشمان لەسەر ئەم نەریتە جوان و بەسوودە رابهێنن.
داواش لە کتێبخانە گشتییەکانی شارەکانی کوردستان دەکەم، کە بە ئەم رۆژە چالاکی و بەرنامەیان تایبەتییان هەبێت و کەمەک پەستەر و دروشمی گونجاو بە هاندانی گەورە و منداڵان بە خوێندنەوە.. پەستەرەکانیش لە شوێنە گشتییەکانی شاردا، هەیان بواسن. بە

نموونە:(کتێب باشترین هاوڕێیە)، (کتێب جوانترین دیاری و یادگارییە)، (خوێندنەوە خراکی ئەقڵە)، (دەمانچە و تفەنگ بە منداڵەکانتان مەکەن.. گۆڤار و کتێبی منداڵانیان بۆ بکڕن)، (گۆڤار دەتوانێ هەمیشە لە یادمدا بیت.. کتێبکم پێشکەش بکە)،(دایکان و باوکانی هۆشیار، هانی منداڵەکانتان بدەن با گۆڤار و کتێبی منداڵان بخوێننەوە)، (هەر خوێندنەوەیەک تاوانێ و دەمینە مەبن.. چەند کتێبێک بخوێننەوە) … هتد.

مامۆستا دەسەڵاتدارەکان، دادە دڵڤانەکانی باخچەکانی منداڵان، با کتێبخانەکانی کتێبخانەکانتان تەز لێیان نەنیشێن.. کتێب بۆ رازاندنەوە نییە.. بۆ خوێندنەوەیە.. ئەوە دەتوانن ڕۆژێکی زۆر گەورە ببینن، لە ڕۆشنبیرکردنی قوتابییەکانتان و لە هاندانیان بۆ خوێندنەوە.. ببورن، کە ئەم پرسیارەتان لێدەکەم: ئایا لە ماوی ساڵێکی خوێندنداء ناڵێم دوو جار، بۆ تەنیا جارێکیش قوتابییەکانتان بردوون بۆ (بەشی منداڵان) لە کتێبخانەی گشتی شارەکەتانداء.. تا ئاشنای کتێب و کتێبخانە ببن و هەڵگری خوێندنەوە ببن..؟

وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان، ئەم پرسیارەش ئاراستەی ئەوە دەکەم، ئایا تا ئێستا، لە (ڕۆژی جیهانی کتێب) و لە بەنە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانی تردا.. چەند نووسەرێ بۆ توانا و ناسراوی کوردمان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، لە لایەن ئەوەوە، خەڵات کراون؟ بەڵام ناکەم ئەوانەی کە تا ئێستا خەڵاتیش کراون، لە پەنجەکانی دەستکمان زیاتربن. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەوە وەکو پێویست ئاوڕتان لە ئەدەبی منداڵان و لە نووسەرانی ئەم بوارە گرنگ و چارەنووسازە نەداوەتەوە.

ڕزا شوان
نۆرویج: ١٩/ ئەپریل/٢٠٢٠

بۆ جوانیی ژینگە … ءلی

حەمەشید بەرزنجی

ئێم ژینگە یە نازدارە
تا خاوەن بە جوان دیارە
گوڕە و بچووک پێکەوە
هەر هەمووی بەرپرسیارە
با هەر کەس و لەلای خۆی
دەستێزیی بنوێنێ بۆی
بکار و بە کردەوە
وەک ئەرکێک بە لە ئەستۆی
کە هاوڵێیەک لە شوێنێ
دە نامانێک دەوێنێ
ئەمەش وەکو ئێو دەکەین
خۆشی بە دەمان دینێ
هاوڵێکانی تریش دەن
بەدوامانداە دەگەڕێن
سەرو نامانە دەهێنن
لێو ناوەدا دەیەوێنن
....
٢٤/١/٢٠٢٠

چەند تیرێژ شیعرێک – شیعری: نەوزاد بەندی

{{{- – پێشکەش / بە شاعیر و هونەرمەند لەتیف بەوار – – ئەو پیاوەی فێری کردم شیعر هەڵنەکوژنم و یەکسەر لە کیبەردەوە نەینێرم بە چاپ ..فێری کردم خەڵکێک ببەمە قوڵایی‌یەکان و نەترسم لەوەی بخنکێن ..}}}

تا کۆکەی عەجە مابوو ،
نەوت بەرامبەر خەراک ئەبرا

بۆ گۆڵێک ، بوونەوە و بڕسی
کە کوێی عەجەیان لابرد ،
هەتا ئەمڕۆ ،
نەوت ئەدزن بۆرامبەر کورسی

⋆ ⋆ ⋆

شاخەکم دی ،
ئەیڤۆ ! خۆی پیس کردبوو ..
لە دوورەوە پڕۆیەک
هاتە بەرچاوم ..
پڕۆیەک سپی وەک دایبی ،
وورد بووەوە ،
میللەتێکی سووک ..ترسنۆک
ئاڵای سپیان هەڵکردبوو

⋆ ⋆ ⋆

بەچوار دەوری خەما ڕوانیم ،
هەر هەمووی
فڕیکۆ پیاو بوو ..
وەک منا بە نان ئەگریان ،
لەسەر دەریایەک پترۆڵ کە
وەکیلەکەی
دووسێ تانجی و
سەگی ئاو بوو ..

⋆ ⋆ ⋆

ئەی نیشتمان..
من پێناسەی تەم پێناکرێ ..
کە هاونیشتمانیی نەبن ،
خاک لە چوار لاوە ،
ئەدزرێ ..

⋆ ⋆ ⋆

چیم پێ ئەکرێ ؟
ئەی دار و بەرد ،
چیم پێ ئەکرێ …!؟

خەڵکێک سەریان شێت کردووە و ..
هەندێکیان سەر هەڵئەگرن و ..
هەندێکیان هێاج ئەکرێن و ..
ئاوەی تری لە خاچ ئەدرێ ..
بە خەم و هەندێ حەرفاوە ،
کە لەدەستم هەڵئاوەرن ،
وەک زەیتون و بێت تری ..
لە ژێر پەی ئاو مەگەلەدا ،
شیعری داماو ،
چی پێ ئەکرێ ..؟

⋆ ⋆ ⋆

بە کەمێک سمێم ووت ،
کە بۆنی نەکیلە ئارد و
یەک بتە
زەیتی حوکمەتیان لاوە ئەهات :
(وەرن ..با بەینێ دەرێ ..
شەقامەکان لوول بکەین و
بە خەر بێین ،
چەند تیشکێ بە ئەمەیش بگرێ ..)
لەرز گرتنی
ترس کوشتنی ..
وەک منالی مەلەتکێ
ڕوویان وەرگێرا و ..
لەناو قوماتەکیانا ،
پەیان ووتم :
مردووت مرێ !

⋆ ⋆ ⋆

ئاو هەموو پیاوێ ڕیز ئەبن ..
لە ژێر بەفر و
لە ژێر باران ..
لەژلر خەری برژاوی ئاب ،
پارەی چاپکراو وەرگرن ..
بوتڵ غاز بە شان هەڵگرن ..
شەرمەزاریش نابن ،

نامرن..
لەسەر ئەقیانووسە نەوت و
پە دنیا گازی سروشتی ،
نە ساتە بیر ئەکەنەوە..
نە دروشمە دادەهێنن ..
نە پەندە
دەرسە ، وەرئەگرن ..

★ ★ ★

دانیشتووی ئەمارەتەکم ،
بە ئەمیر و
بە شمشێرە ..
خەڵکێک وەک شەمشەمەکوێرە ،
یەک دوو تەقە لە ژیان ئەدەن ،
ئیتر بەڕۆژ هەواسراون ،
دنیا ئاوڕوو ئەبینن ..
زەر سەیرن مرۆڤی ئەرە …

★ ★ ★

زاری زەرم کردەتەوە ،
لە مەلا تاکو کەمەنیست ..
لە بتپەرست ..
لە مەدەرن و ..
پەست مەدەرن و ..
هەموویان بە مەتر و
بە بست ،
زمان دەردەنن و
دەڵێن :
(خوا چاکی کا !!)
ئیتر کارەبا ئەبڕێت و ..
ئەبە کوێی مولیدەکە ،
-خوا دەست بگرە بە باڵیەوە –
هەندل لە دا ،
ڕوناکی کا ..
★ ★ ★
لە دوای نە مانگ ،
مناڵە کە دەتە ئەرە ..

دوو کەمپانیا داهاتکەی
بۆ ئەخەن و
دوو دانە دەزگای خەرخوازیش
بۆ سەبەتەیەک گۆشی ئەکەن ،
ناوکەی : سەبەتەی خەڵ..
⋆ ⋆ ⋆
میللەتێک
لە خەو هەڵئەسن ،
بە بەرنامە و
بە بە خاوەن ..
بەاو ئەبنەوە ،
دەن ودەچن ..
گوەوەچنی مەزراکانی
نەوت ئەکەن و ..
جا سەریان بەرز ئەکەنەوە ..
کوا ..کەی قەت ئەوان ملکەچن !؟
⋆ ⋆ ⋆
لەڕ
پیاوە ئاینیەکان ،
سەدساەت باسی خەبات و
گیانفیداکردن ئەکەن و
بەڕە بەڕە ،
قەەو ئەبن .
توشی زەغت وشکڕە ئەبن..
دانیان ئەکەوەت و
ئەمرن ..
بە بە ئەوەی بە جارەکیش
لووتیان بپژە ..
دەپە خوەنی خەباتیان
لە لەش برژە ..
کەمەە لاو کە کەنەوە و
ەگا بە زاەە بگرن ..
ئیتر تەناگەم ئەم هەوە و
ەح و گیانفیداکردنە ،
کە بەردەوام باسی ئەکەن ،
لە ژیانا جەبەجە ئەکرە ،
یان ئەویش بە دوای مردنە ؟!

*. * *
هونەرمەند و
نووسەرە زیر گەورەکانمان
لە جیاتی بەرە تەوی نوێ
بپرژێنن ،
بەکو گوێی شەش بوو ..
لە سەنگەری ئەوروپا دا،
خەیان لە قایمکردووە ..
ئەوانەیشی سنوور داشن ،
یان گەاونەتوە بە ئەرە و
شەیدای قەلای دیاری حیزب و
پیاهەدان و
چەند جارە پارە و مەعاشن ،
لە جیاتی نیشتمان جوان کەن
لە جیاتی ەی پە لە بازگەی
شەش و هوشیار بوونەوە
بە مەگەلەکە ئاسان کەن ..
ئەەن بەرەو تورکیا و یەنان
بە پارەی خوێنی شەهیدان
بە کرێی ئەگرن کچکی جوان
تا ببە بە دارچینی
سەر محەلەبی
کلیپکیان ..
لە پشت دیمەنی شارکی
پە هونەری بەگانەدا ،
گەرانیەک تەمار ئەکەن ،
بە تام
مردوو
بە گوزارشت
بە هونەر
پە هەە و نوقسان
لە ئاواز و
لە هەنراوە و
لە دابەشکردنی مەسیقا و
دەرهەنان و
وێنەگرتن و
ئەندازیاری دەنگی

بەرز جەنابی خۆی ..
هەم زیارەت
هەم تیجارەت
هەم سیاحەت
چۆن ئەهرەم کەس لێی بخوا
ئەو دوگمەی کە باریوە بۆی؟

⋆ ⋆ ⋆
ئەڕۆ نە کەمەنگایەکە و
نە گاگۆلە ..
پلیکانەی خوار و خۆچە ..
دەعباکانی
بە ئەسک و پروسکی یەکا ،
سەر ئەکەون ..
قرچە ..قرچە ..
ئەوەی گەیشتە
ئاستی
پەناوی شاهەنشا ،
شەرەفی بەیاخ و
ماچی
پەناوی پاشای پە ئەدرە ..
قەز ئەبەت و
قەرەو ئەبە ..
بڕە و ێیش و قژ زەرع ئەکا
ئەتوانە لەگزیش بکەە ..
ئەوانەی خوارەوە ئەبن ،
بە سەد بڕە ..
هەندەکیان پێی ئەڕۆن
بەخوا ئازا و ژیرە ..
جەربەزەیە ..
هەندە ئەڕۆن ەەشنبیرە ..
ئەڕۆن ووریا و قسە زانە ..
قەت بە مەوزوع دانامێنە ..
هەندە ئەڕۆن : هەر لە خۆی دە .
چاو نەترسە..
زەوی ەوکن و ..
ڤەلا و شوقەیشیان داوەتە ..

هەندێ جوانن ،هەر مەپرسە ..
قەد و باڵاکەی ئەیهێنە ..
هەندێ ئاسن چەکاو خارە ..
خۆ فرۆشە ..
جۆرەها قسەی جیاواز و
سەیری
دەربارەی دەردەبڕن..
هەر هەموویشیان ،
هیوادارن
سەفیەکی لەگەڵ بگرن
* * *
من دوای
ساڵانێ خوێندن و
بیرکردنەوە ..
قوتبوونەوە ..
مردن و زیندوو بوونەوە ..
سەرنجدان و
چەندین بارێ پیاچوونەوە ..
تاوانین و لێکدانەوە ،
بەم دەرکەوت ئەم ئیزدیحامە ،
بە خەیشمەوە ،
موچەیەکی خاڵایی بە ببڕەوە ..
لەی گەڵ تەماتەی ڕزیو ،
بە نرخی تەماتەی فرۆش ساغکاتەوە ..
ئیتر
سواری
پشتی نیشتمانێکی بێ ،
هەر ئاوێش نادات‌ەوە ..
خاک و
نەوت و
داهاتووکەی ..
کەڵەپوور و
ئاین و
مێژووی هەڵاج کە ،
ئاسایی بێ لایەوە ..
بێ کۆمەنیست و
مەدەرن و

سیکیولار و
مەلایەو ..